# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٧٠)ساڵی بیست و یەکەم | ٢٩ ئاب ٢٠٢١ ز. | ٧ گەلاوێژ ٢٧٢١ کوردی | ٢١ محەڕەم ١٤٤٢ کۆچی

**270**



**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١** — ل ١

یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی پەروەردە** — ل ٨

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان

ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

نرخی (١٥٠٠) دینارە

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد (٢٧٠) الحادى والعشرون | ٢٨ آب ٢٠٢١ م. | ٧ گەلاویژ ٢٧٢١ك. | ٢١ محرم ١٤٤٢ هـ.

270

**قانون رقم (٦) لسنة ٢٠٢١** ص ١٩

قانون وزارة الكهرباء في إقليم كوردستان - العراق

## فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة التربية** ص ٨

تعديل الأول لتعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

No: 270 Date: August 29, 2021 Vol: 21

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

سعر (١٥٠٠) دينار

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٥/١٨ ئەم یاسایەی پەسەند کرد:

**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**پێناسەکان**

**ماددەی (١)**: بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم**: **وەزارەت**: وەزارەتی کارەبای هەرێم.

**سێیەم**: **وەزیر**: وەزیری کارەبای هەرێم.

**چوارەم**: **ئەنجومەن**: ئەنجومەنی وەزارەت.

**پێنجەم**: **بەرهەمهێنان**: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

**شەشەم**: **گواستنەوە**: گواستنەوەی وزەی کارەبا بە هێڵی (٣٣) کیلۆ ڤۆڵت بەرەو سەر.

**حەوتەم**: **دابەشکردن**: دابەشکردنی وزەی کارەبا لە ڕێگەی تۆڕی ناوەندیی لە هێڵەکانی (٠,٤/٣٣)، (٠,٤/١١) و(٠,٤) کیلۆ ڤۆڵت بەرەو خوار.

**هەشتەم**: **وزە**: وزەی کارەبا

**نۆیەم**: **کۆنترۆڵ**: کۆنترۆڵی سەر تۆڕەکانی کارەبای هەرێم.

**دەیەم**: **هاوبەشەکان**: هەر بەشداربوویەک کە گرێدراوی تۆڕەکانی کارەبا بێت بە مەبەستی وەرگرتنی وزەی کارەبا لە ڕێگای پێوەری کارەباوە.

**یازدەیەم**: **تۆڕەکان**: پێکهاتەکانی کارەبا لە هەردوو سێکتەری گواستنەوە و دابەشکردن، دەگرێتەوە.

**دوازدەیەم**: **وێستگەکانی بەرهەمهێنان**: سەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی.

## ئامانجەکان

**ماددەی (٢)**: ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

**یەکەم**: پەرەپێدانی وزەی کارەبا بە گوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و ئابووری نیشتمانی.

**دووەم**: هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە بواری کەرتی کارەبادا.

**سێیەم**: پاڵپشتی کردن وهاندانی فرە سەرچاوەیی وزەی کارەبا.

**چوارەم**: رێکخستنی گشت چالاکییەکانی پەیوەست بە کارەبا لەبواری بەرهەمهێنان، کۆنترۆڵ، گواستنەوە، دابەشکردن و بەکارهێنان، بەجۆرێك کارایی و بەردەوامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پڕکردنەوەی خواست مسۆگەر بکات، لەگەڵ زامنکردنی پاراستنی ژینگە و گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ هەموو شوێن و ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم**: رێگەگرتن لە بەهەدەردانی کارەبا وقۆرخکاری و بەدەستەوەبوونی (تحكم) نرخەکان.

**شەشەم**: پێبژاردنی زێدەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی کارەبا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی (٣)**:

**یەکەم**: وەزارەت پێکدێت لە:-

١- **وەزیر**: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەرك و ئاراستەکردنی سیاسەت و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کارەکانی، لە رێگای بڕیار و فەرمان و رێنماییەکان، لە گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندارن بە ئەرك و پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی وەزارەت و سەرجەم کاروباری تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی، و وەزیر دەتوانێت بەشێك لە دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت بە بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بسپێرێت.

٢- **نووسینگەی وەزیر**: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و ژمارەیەک فەرمانبەر یارمەتی دەدەن.

٣- **بریکاری وەزارەت**: یارمەتی وەزیر دەدات لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیر پێی دەسپێرێت، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.

٤- **ژمارەیەک راوێژکار** زیاتر نەبن لە (٤) چوار کەس، بەو مەرجەی هەر یەکێکیان لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت.

٥- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕیی و خاوەن شارەزایی بێت.

٦- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لەئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت.

٧- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی وزەی کارەبا**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لەئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت.

٨- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی وزەی کارەبا**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لەئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت.

٩- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت.

١٠-**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وزە**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، بەو مەرجەی لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاریی کارگێریی، ئابووریی یان بازرگانی و خاوەن شارەزایی بێت.

**دووەم:**

١- لە هەر پارێزگایەک و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم، بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کارەبا پێکدەهێنرێت و هەر یەکێکیان خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت.

٢- هەر بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم برگەیە، لەلایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەرێوە دەبرێت، کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە ئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت و فەرمانبەرێک بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی یارمەتی دەدات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە بواری کارگێریی یان یاسا یان ئەندازیاریی و خاوەن شارەزایی بێت.

## ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی (٤)**: وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

**یەکەم**: بەرهەم هێنان، گواستنەوە، دابەشکردنی کارەبا، دامەزراندن، بەگەڕخستن و چاککردنەوەی وێستگەکان (بەرهەم هێنان، گۆڕین) و تۆڕەکانی کارەبا.

**دووەم:** بەگەڕخستنی تۆڕەکانی کارەبا بە شێوەیەکی زانستیانە بەپێی ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی گەیاندن بۆ مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی تۆڕەکانی کارەبا و کەمکردنەوەی تێچووەکان.

**سێیەم**: دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی، کۆنترۆڵکردنی بەکاربردنی کارەبا، مسۆگەرکردن و دابینکردنی کارەبا و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی مافەکانی وەزارەت لە ڕێگەی دامەزراندنی پڕۆژەی تۆڕی زیرەک.

**چوارەم**: دیاریکردنی نرخەکانی کارەبا لەلایەن وەزیر بە ڕەزامەندی ئەنجومەن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ ڕەزامەندیدان لەسەری، بەمەرجێك ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییانەی لەسەر تێچووی کارەبا و بژێوی هاوڵاتیان و ئابووری هەرێم ڕوودەدەن لەبەرچاو بگیرێن.

**پێنجەم**: بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای پاک بۆ پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی، و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوە نوێبوەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

**شەشەم**: گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە و دەستەبەرکردنی سەلامەتیی و تەندروستی گشتی.

**حەوتەم**: ڕێکخستنی میلاکی پێویست و پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران لە ڕێگەی ناوەندیی ڕاهێنانی پیشەیی بەهاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فێرکارییە ئەکادیمییەکان و ناوەندە پسپۆڕەکان یان ڕێکخراوە ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەکان.

**هەشتەم**: پێدانی مۆڵەت و گرێبەست کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پسپۆڕ لە کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن، چاککردنەوەی وێستگەکانی (بەرهەم هێنان و گۆڕینی کارەبا) و تۆڕەکانی گواستنەوە ودابەش کردن و هاوردەکردن و هەناردەکردنی وزە.

**نۆیەم**: هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان بە چالاکیەکانی وەزارەت و کارکردن لەسەر ڕێنوێنی بەکاربردنی وزەی کارەبا لە ڕێگەی دانانی سیاسەت و ڕێنمایی و هاندانی بەکاربەران بۆ ئەم مەبەستە.

**دەیەم**: پێشکەشکردنی پێشنیار بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کارەبا لە هەرێم.

**یازدەیەم**: نوێنەرایەتیکردنی هەرێم لە ڕێکخراو و کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانی تایبەت بە کەرتی وزەی کارەبا.

**دوازدەیەم:** هەماهەنگی و تەواوکردنی یەکتر لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و وەزارەتە ئیتیحادییەکان.

**سێزدەیەم**: ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن ولێکدەرکردن (مقاصة) بۆ وزەی کارەبا بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم**: وەزارەت بۆی هەیە وایەر و کێبڵ، لەسەر یان لە ژێرەوەی ڕێگە گشتییەکان، یان شەقامەکانی ناوەوە یان دەرەوەی شارەکان ڕابکێشێت و دەتوانێت ستوون دانێت و تونیل لێبدات و کاری دیکەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و پڕۆژەکانی وەزارەت ئەنجام بدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماستەرپلان و پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی و حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان .

**دووەم:** وەزارەت بە گوێرەی پێویستی پرۆژەکانی، دەتوانێت ببێتە خاوەن زەوی و بەناوی وەزارەتی کارەبا بەپێی یاسا بەرکارەکان تۆمار بکرێت.

**سێیەم:** وەزارەت پابەند دەبێت بە قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێک کە زیانمەند دەبێت لە ئەنجامی چالاکییەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**چوارەم:** بڕیارەکانی وەزیر شیاوی تانەلێدانە بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی بەرکار.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** هاوبەشەکانی کارەبا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:-

١- یەکەی نیشتەجێبوون (ماڵەکان).

٢- بازرگانی.

٣- پیشەسازی.

٤- کشتوکاڵی.

٥- کەرتی گشتی.

**دووەم:** وەزارەت دەتوانێت جۆری دیکەی هاوبەشی کارەبا زیاد بکات.

**سێیەم:** دیاریکردنی جۆری پۆلێنەکان وبنەمای جیاکردنەوەیان بە ڕێنماییەک دیاری دەکرێن کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** پێبژاردنی زێدەڕۆیی و دیاریکردنی بڕ و ڕێکارەکەی بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێت کە وەزیر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەریدەکات.

**دووەم:** وەزیر، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، دەتوانێت ڕێژەیەک لەو بڕە پارانەی لە پێبژاردنی زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی وەرگیراون تەرخان بکات بۆ ئەو کەسانەی ڕاسپێردراون بە ئاشکراکردنی زێدەڕۆیی و لابردنیان، و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەریدەکات.

**سێیەم:** ئەو کەرەستانەی لە زێدەڕۆیی سەر سیستەمی کارەبا و تۆڕەکانی بەکارهاتوون دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

**چوارەم:** ئەو پێبژاردنانەی کە بەپێی ڕێنمایی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا وەریدەگیرێن، ڕێگر نابن لە سزای توندتری هاتوو لە یاسا بەرکارەکاندا.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر وەزیر داوای قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە دەرئەنجامی زێدەڕۆیین بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم**: ئەنجومەنێک لە وەزارەت پێکدەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامێتی هەر یەک لە:-

١- بریکاری وەزارەت: دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

٢- ڕاوێژکاران.

٣- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت.

٤- نوێنەری هەر لایەنێکی پەیوەندیدار یان شارەزایەکی پسپۆڕ کە وەزیر لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وەزارەت دەستنیشانی دەکات، و بەشداری کۆبونەوەکانی ئەنجوومەن دەکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**دووەم**: ئەنجومەنی وەزارەت دەربارەی ئەم کاروبارانەی خوارەوە گفتوگۆ دەکات، و بڕیار و ڕێنمایی و ڕاسپاردەی پێویست دەردەکات:-

١- ڕێکخستنی سیاسەتی بەرهەمهێنان، کونترۆڵ، گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا و دانانی پلانە ستراتجییەکان.

٢- ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە بواری کارەبا.

٣- ڕێکخستنی پەیکەر و ئەرک و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت.

**ماددەی (٩):**

وەزیر، بەگوێرەی پێویستی وەزارەت، دەتوانێت بەشێوەی کاتی، بۆ ئەرک و ماوەیەکی دیاریکراو، گرێبەست لەگەڵ شارەزای خاوەن ئەزموون و پسپۆر لە بواری تایبەت بە وزەی کارەبا، بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لە هەرێم کاریان پێدەکرێت، بکات.

**ماددەی (١٠):**

ئەو کۆمپانیانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە یان گرێبەستیان لەگەڵ کراوە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، تەنها بە ڕەزامەندی وەزارەت دەتوانن دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن، ئەمەش بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەریدەکات.

**ماددەی (١١):**

یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە، وگشت ئەو ڕێنماییانەی کە پاڵپشت بەو یاسایە دەرچوون، ئەگەر ناکۆک نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە کاریان پێدەکرێت.

**ماددەی (١٢):**

کار بەدەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات

**ماددەی (١٤):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لەبەر بایەخی وزەی کارەبا لەسەر ژیان و تەندروستی گشتی هاونیشتیمانیان، و کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابووری، و ڕێکخستنەوەی کارەکانی وەزارەت بەهۆی گرنگی ئەو چالاکیانەی کەرتی گشتی و تایبەت پێی هەڵدەستن، و بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

| |
|---|
| یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق. |

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ٤١١ لە ٢٠٢١/٨/٢٥**

پشتبەست بە حوکمی ماددەی (سی و سێیەم) لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ، ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢، بڕیارماندا بە هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** أ- سێ پێناسە بۆ ماددەی (١) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگا**: ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پەروەردە وفێرکارییە لە سنووری پارێزگا.
- **بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا**: ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پەروەردە وفێرکارییە لە سنووری قەزا.
- **قوتابخانە وپەیمانگەی ناحکومی**: باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی وپەیمانگە کە کارگوزارن لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی باڵا، ومولکی خەڵکن یان مولکی کۆمپانیا و ڕێکخراوە مەدەنییە پەروەردەیی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتییەکانن ولەلایەن خۆیانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام وەزارەت مۆڵەتیان دەدات و سەرپەرشتییان دەکات.

ب- پێناسەکانی (دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ) و (دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی) و (دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بیانی) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ)**: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پیادە دەکەن.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی**: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراویان هەیە و سیستەمی ئەزموونەکان و بڕوانامە و هەڵسەنگاندن و (ئەکریدیتەیشن)ی ناوەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە.
- **دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بیانی**: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامێکی خوێندنی وڵاتێکی تر پیادە دەکەن و هەمان سیستەمی ئەزموونەکان و بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی ئەو وڵاتەیان هەیە، بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە.

**دووەم:** ماددەی (٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان (لۆکاڵ)، کە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وەزارەتی پەروەردە پیادە دەکەن، یان پرۆگرامێکی خوێندن و سیستەمێکی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە.

**٢-** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان کە بریتین لەو دامەزراوانەی کە:
أ- پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی نێودەوڵەتی فێرکاریی جیهانی پێشکەوتووی تێدا پیادە دەکرێت.
ب- سیستەمێکی ئەزموونەکانی ناوەندێکی نێودەوڵەتی فێرکاری جیهانی پێشکەوتوو تێدا پیادە دەکرێت.
پ- جۆرێکی بڕوانامەیان هەبێت، کە لە یەك یان زیاتر لە وڵاتێکی پێشکەوتووی باوەڕپێکراوە و یەکسانە بە بڕوانامەی ئەو وڵاتە/وڵاتانە.
ت- سیستەمێکی سەرپەرشتیاری، یان هەڵسەنگاندنی ناوەندێکی پەروەردەیی نێودەوەڵەتی باوەڕپێکراویان هەیە.
**٣-** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە بیانییەکان، کە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و جۆری بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وڵاتێکی دیاریکراو پیادە دەکەن, بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە.

**سێیەم:**
أ- بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤) تەمەن هەموار دەکرێت لە (٢٥)ساڵ دەبێت بە (١٨) ساڵ.
ب- بڕگەی چوارەم بۆ ماددەی (٤) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
**چوارەم**: وەزارەت مافی هەیە، بەگوێرەی پێویستی کەرتی پەروەردە و پلانی ساڵانەی وەزارەت، مۆڵەت بدات. ئەگەر بۆ ساڵێکی خوێندنی تایبەت بە پێویست نەزانرا دامەزراوەی نوێ بکرێتەوە، ئەوا وەزارەت مافی هەیە مۆڵەت بۆ کردنەوەی باخچە، قوتابخانە، خوێندنگا، خوێندنگای پیشەیی، پەیمانگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی نوێ بۆ ماوەیەك هەڵپەسێرێت.

**چوارەم**: بڕگەی (**چوارەم**) و (**شەشەم**) لە ماددەی (٥) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
**چوارەم:**
أ- دەبێت باخچەکانی منداڵان، قوتابخانەکان، خوێندنگاکان، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەکان ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەیان هەبێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندییە کولتوری و پەروەردەیی و نیشتیمانییەکانی هەرێمدا بگونجێت.
ب- ئەگەر داواکاری مۆڵەت خاوەنی مۆڵەتێکی پێشتر بوو و بیەوێت لقێکی نوێ بکاتەوە، ئەو کات مافی هەیە هەمان ناو هەڵبژێرێت کە پێشتر هەیبووە بەڵام بە ووشەیەکی زیادکراو ، کە دەکرێت ناوی شار، شارۆچکە یان گەڕەك بێت. (بۆ نمونە ئەگەر داواکاری مۆڵەت پێشتر مۆڵەتی قوتابخانەیەکی هەبێت بە ناوی قوتابخانەی (هیوا) دەکرێت لقە نوێیەکە ناوی قوتابخانەی (هیوا-هەڤاڵان)، قوتابخانەی (هیوا-کانێسکان)یان قوتابخانەی (هیوا-ڕوناهی) بێت، یان شتێکی لەو جۆرە ئەم خاڵە دامەزراوەی نێودەوڵەتی و خۆماڵیش دەگرێتەوە.
پ- ئەو حاڵەتەی لە بڕگەی (ب) ی ئەم بەندە هاتووە، تەنیا ئەو داواکارانە دەگرێتەوە کە خۆیان پێشتر مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییان هەیە، و دەیانەوێت لقی نوێ بکەنەوە. داواکارانی تر مافیان نییە ناوێك هەڵبژێرن کە لە ناوی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بچێت کە ئێستا کارایە.

**شەشەم**: پێویستە داواکاری مۆڵەت یەك لەم مەرجانەی خوارەوەی تیایدا بێت:
أ- تەلاری تایبەت بە خۆی هەبێت کە بۆ کاری دامەزراوەکە تەرخان بکرێت.
ب- گرێبەستی سەرەتایی بۆ بەکرێگرتنی تەلارێکی گونجاوی بۆ کاری دامەزراوەکە هەبێت.
پ- زەوییەکی دەستنیشانکراوی بۆ دروستکردنی دامەزراوەکە هەبێت.
ت- پەیکەری تەلارێکی هەبێت کە خەریکی تەواوکردنی بێت بۆ کاری دامەزراوەکە.

**پێنجەم**: ماددەی (٦) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: **أ**-داواکردنی مۆڵەت لە ڕۆژی یەکەمی مانگی (١٠) دە تا ڕۆژی یەکەمی مانگی (٣) سێی هەموو ساڵێك دەبێت. هیچ داواکارییەکی مۆڵەت وەرناگیرێت ئەگەر لەو ماوەیەدا پێشکەش نەکرێت.

ب- داواکردنی مۆڵەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١/٢٠٢٢) بەپێی فەرمانێك دەبێت کە وەزیر دەری دەکات.

**دووەم**: داواکردنی مۆڵەت بەم شێوەیە دەست پێدەکات و ئەنجام دەدرێت:

أ- داواکاری مۆڵەت فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت پڕبکاتەوە. فۆڕمەکە لە "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" لە وەزارەت بەدەست دەهێنرێت.

ب- داواکاری مۆڵەت ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت بدات. بڕی رسومات بۆ باخچەی منداڵان (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینارە، و بۆ دامەزراوەکانی تر (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینارە.

**سێیەم:** دوای پڕکردنەوەی فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت و دانی ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت، داواکار فۆڕمی ئەلکترۆنی داواکردنی مۆڵەت پڕ دەکاتەوە، لە ماوەیەك لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**چـوارەم**: لە دوای ئەوەی "بەڕێـوەبەرایەتیی قوتابخـانە و پەیمـانگە ناحکومییەکـان" وردبینـی لە داوا ئەلکترۆنییەکە و بوونی مەرجەکان لە داواکاردا دەکات، پێویستە لەسەر داواکاری مۆڵەت لەماوەیەك کە لە (٧ ) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی وردبینییەکە لەلایەن وەزارەتەوە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگای پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی نووسراو بە بەڕێوەبەرایەتییەکە، نووسراوی بۆ بکرێت بۆ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو پشتگیرییانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە.

أ- پشتگیری (شارەوانی) یان (دەستەی وەبەرهێنان) سەبارەت بە بوونی مۆڵەتی تەلارەکە بۆ بەکارهێنانی وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی.

ب- پشتگیری بەرگری شارستانی کە تەلارەکە مەرجەکانی بەرگری شارستانی تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەو پشتگیرییە بەدەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان وەبەرهێنان.

پ- پشتگیری بیناسازی لە بەشی بیناسازی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا، سەبارەت بەوەی ئایا تەلارەکە گونجاوە بەپێی ئەم ڕێنماییانە. ئەمە لە حاڵەتێکدا پێشتر ئەو پشتگیرییە وەدەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان وەبەرهێنان.

ت- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی پارێزگا، سەبارەت بە هەبوونی مەرجەکانی تەندروستی.

ج- پشتگیری دامودەزگای پەیوەندیدار سەبارەت بەوەی کە داواکار بە تۆمەتێکی ئابڕووبەر، حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

چ- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەت و باجی خانوبەرە.

ح- خاڵەکانی (أ – ب- پ – ت ) بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە ئەو داواکارانە ناگرێتەوەکە خەریکی دروستکردنی تەلاری نوێن و مۆڵەتیان لە شارەوانی یان دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە ، چونکە ئەوان پێشتر ئەو پشتگیرییانەیان پێشکەش بە شارەوانی یان دەستەی وەبەرهێنان کردووە.

**پێنجەم**: دەبێت داواکاری مۆڵەت، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار تێپەر نەکات بەسەر وەرگرتنی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا بۆ هێنانی پشتگیرییەکان، نووسراوەکان بگەیەنێت بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان. ئەگەر دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژی کار وەڵامی داواکارییان نەدایەوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا لە ماوەی (٧) حەوت

ڕۆژی کـار نووسـراوی وەبیرهێنـانەوە بـۆ دامودەزگـا پەیوەندیـدارەکە دەنێـرێتەوە بە مەبەسـتی وەڵامـدانەوەی نووسـراوی پشـتگیریکردن. ئەگەر دوای ئەوەش بە (٧) حەوت ڕۆژی کـار دامودەزگـا پەیوەندیـدارەکان هەر وەڵامیـان نەدایەوە، "بەڕێـوەبەرایەتیی قوتابخـانە و پەیمـانگە ناحکومییەکـان" خۆی بەدواداچوون بۆ پرسەکە دەکات.

**شەشەم**: دوای وەرگرتنی پشتگیرییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار، نووسراوێك بۆ "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" دەکات، و کۆپییەکی نووسـراوەکە دەدات بە داواکـار. داواکـار لە مـاوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کـار زیـاتر نەبێـت، نووسـراوەکە بە ڕێـگەی ئەلکتـرۆنییەوە دەنێرێـت بـۆ "بەڕێـوەبەرایەتیی قوتابخـانە و پەیمـانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت.

**شەشەم**: أ- بڕگەی (٤) و (١٩) و (٢٤)ی ماددەی (٧) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤- بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن بۆ منداڵان، قوتابیـان و خوێنـدکاران و ژمارە و کاتی پشکەکان دەبێت بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن پارەی کتێب و جلوبەرگی یەکپۆشی لە خۆ بگرێت.

١٩- أ- ئەگەر داواکە تـایبەت بە دامەزرانـدنی دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی نـاحکومی نێـودەوڵەتی بـوو، پێویسـتە داواکـار (ئەکریدیتەیشـن) یـان (کاندیـدی ئەکریدیتەیشـن) لە ناوەنـدێکی جیهـانی، کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەندکراو بێت، پێشکەش بە وەزارەت بکات.

ب- ئەگەر داواکە تـایبەت بە دامەزرانـدنی دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی نـاحکومی بیـانی بـوو، پێویسـتە نووسراوێکی فەرمی سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی ئەکادیمی لە دەوڵەتە پەیوەندیدارەکەوە هاوپێچ بکرێت.

٢٤- بۆ کردنەوەی پۆلێکی نوێ یان بازنەیەکی نوێ یـان قۆنـاغێکی نـوێ کە پێشـتر مـۆڵەتی بـۆ وەرنەگیـراوە، دەبێت خاوەن دامەزراوەکە داوای مۆڵەتی نوێ لە وەزارەت بکات، بە هەمان مەرج و ئەو ڕێکارانەی، کە بۆ پێدانی مۆڵەتی نوێ دانراون.

ب- خاڵی (٢١)ی ماددەی (٧) سەبارەت بە ئەستۆپاکی بـاجی دەرامەت، گـوازراوەتەوە بـۆ بەنـدی (چـوارەم)ی ماددەی (٦).

**حەوتەم**: ماددەی (٨) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (٨)

**یەکەم**: "بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیـاتر نەبێـت لە ڕۆژی پڕکـردنەوەی فـۆرمە ئەلکتـرۆنییەکەی داواکردنـی مـۆڵەت بە تەواوی لەلایەن داواکـارەوە، سەیر و وردبینی لە داواکە دەکات.

**دووەم**: ئەگەر دوای وردبینی "بەڕێوبەرایەتی قوتابخانە و پەیمـانگە ناحکومییەکـان" لە داوایەکە، دەرکەوت کە مەرجەکـانی مـاددەی (٤و ٥ و ٦ و ٧)، جـگە لە پشـتگیرییەکان، لە داواکـاردا هەیە، بەڕێـوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە ماوەی (٧) ڕۆژی کار لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داوا ئەلکتـرۆنییەکە بە تەواوی، نووسـراوێك بـۆ بەڕێـوەبەرایەتیی گشـتی پەروەردەی پارێزگـا دەکـات، سـەبارەت بەوەی کە داواکارییەکی مۆڵەت هاتووە، بـۆ ئامـادەکردنی پشـتگیرییە داواکراوەکـان، ئەویـش دوای پێشکەشـکردنی فـۆرمە ئەلکتـرۆنییەکە لەلایەن داواکـارەوە. لە هەمـان کاتـدا "بەرێـوەبەرایەتی قوتابخـانە و پەیمـانگە ناحکومییەکـان" وەڵامـی نووسـینەکی داواکـار دەداتەوە، کە مـامەڵەکەی لە ژێـر کـاردایە، و سـەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی پارێزگا بکات.

**سێیەم**: ئەگەر دوای وردبینی بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە داوایەکە، دەرکەوت کە مەرجەکانی ماددەی (٤و ٥ و ٦ و ٧)، جگە لە پشتگیرییەکان لە داواکاردا نییە، بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان داوا لە داواکار دەکات داواکەی لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژدا هەموار بکاتەوە. ئەگەر داواکار لەو ماوەیەدا داوایەکەی هەموار نەکردەوە داوایەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**چوارەم**: ئەگەر داوایەکە سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بێت و مەرجەکانی ماددەی (٤و ٥ و ٦ و ٧)، جگە لە پشتگیرییەکان، لە داواکاردا هەبوو "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی فۆرمە ئەلکترۆنییەکە بەتەواوی و هێنانی بەڵگەی (ئەکریدیتەیشن/ اعتماد) نووسراوێك بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەی (ئەکریدیتەیشن/اعتماد) لەماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت.ئەگەر لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار وەڵام نەدرایەوە، بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان کارەکە دەگرێتە ئەستۆ.

**پێنجەم**: ئەگەر داوایەکە سەبارەت بە دامەزراندنی ئامادەیی پیشەیی یان پەیمانگەی ناحکومی بێت و مەرجەکانی ماددەی (٤و ٥ و ٦ و ٧)، جگە لە پشتگیرییەکان، لە داواکاردا هەبوو "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی فۆرمە ئەلکترۆنییەکە بە تەواوی، نووسراوێك ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان دەکات سەبارەت بە پشتڕاستکردنەوەی پێداویستییەکانی ناو بەشەکانی دامەزراوەکە وەك ئەوەی لە خشتەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان هاتووە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت. ئەگەر لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار وەڵام نەدرایەوە، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" کارەکە دەگرێتە ئەستۆ.

**شەشەم**: لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار لە ڕۆژی پەیوەندیکردنی داواکار بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا، بەڕێوەبەرایتیەکە نووسراو بۆ داواکار ئامادە دەکات سەبارەت بە هێنانی ئەو پشتگیرییانەی لە بەندی (سێیەم)ی ماددەی (٧) ئاماژەیان پێکراوە. ئەگەر نووسراوەکان لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار ئامادە نەکران، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت بەو ئەرکە هەڵدەستێت.

**حەوتەم**:

أ- دوای وەرگرتنی وەڵامی پشتگیرییەکانی ماددەی (حەوتەم) کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا بە نووسراوێك پشتگیرییەکان و ڕای خودی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەسەر پشتگیرییەکان بە داواکار دەدات، و کۆپییەکی دەنێرێت بۆ "بەڕێوبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان".

ب- ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار نووسراوی بۆ داواکار نەکرد، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت بە کارەکان هەڵدەستێت.

**هەشتەم:**

أ- لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی گەیشتنی گشت پشتگیرییەکان و وەڵامی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/پەیمانگەکان، دەست بە خوێندنەوە بۆ داوایەکە لەلایەن "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" دەکرێت.

ب- "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان"، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی بیناسازی وەزارەت و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەیی پارێزگا، سەردانی شوێنی ئەو دامەزراوەیە دەکات کە داواکار داوای کردووە دایمەزرێنێت.

پ- ئەگەر داواکار گشت پشتگیرییەکانی بەدەست هێنابوو و وەڵامی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان و بەڕێوبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان ئەرێنی بوون و گشت مەرج و پێداویستییەکانی ماددەکانی (٤و ٥ و ٦ و ٧) لە داواکاردا هەبوو، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان" بڕیار دەدات پێشنیازێك بۆ وەزیر سەبارەت بە پێدانی مۆڵەت بە داواکار بنێرێت.

ت- ئەگەر داواکار گشت پشتگیرییەکانی بەدەست نەهێنابوو، یان وەڵامی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان یان بەڕێوبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان نەرێنی بوون، یان گشت مەرج و پێداویستیەکانی ماددەکانی (٤ و ٥ و ٦ و ٧) لە داواکاردا نەبوو، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" بڕیار دەدات پێشنیازێك بۆ وەزیر بنێرێت دەربارەی پێنەدانی مۆڵەت بە داواکار.

**نۆیەم:** وەزیر، خوێندنەوە بۆ پێشنیازەکانی (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەکات، لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت، و بڕیار لەسەر پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت دەدات. ئەگەر بڕیاری وەزیر وەك پێشنیازی (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) نەبوو، ئەوکات هۆیەکانی بڕیاری وەزیر لە دۆسیەکە دەنوسرێت.

**دەیەم:** دوای بڕیاری وەزیر، پەروەندەی داواکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە وپەیمانگە ناحکومییەکان) دەنێردرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکان و ئاگادارکردنەوەی "داواکار" بە شێوەیەکی فەرمی لە بڕیارەکە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لە گەیشتنی بڕیاری وەزیر بە بەڕێوبەرایەتییەکە.

**یازدەیەم:**

لە ئەگەری بڕیاری وەزیر بە پێدانی مۆڵەت، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) پێش دەرکردنی بڕیاری مۆڵەت داوا لە داواکار دەکات:

أ- داواکار دەبێت ڕسوماتی پێدانی مۆڵەت بدات، کە بەم بڕانەی خوارەوە دەبێت:

١- باخچەی منداڵان: (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی.

٢- قۆناغی بنەڕەتی: (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن دیناری عێراقی.

٣- قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی و وێژەیی: (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی.

٤- قۆناغی ئامادەیی پیشەیی: (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی بۆ گشت ئامادەییەك بە هەموو بەشەکانیەوە.

٥- قۆناغی پەیمانگە: (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینـاری عێراقـی بـۆ گشت پەیمانگە و (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیـۆن دیناری عێراقی بۆ کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ که پەیمانگەکە دواتر بیکاتەوە.

٦- کۆمەڵگای پەروەردەیی (باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆنـاغی ئامـادەیی ئاکـادیمی): (١٨،٠٠٠،٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینـاری عێراقـی بـۆ گشـت کـۆمەڵگەکە. کـۆمەڵگە تەنهـا یەك مـۆڵەتی دەبێـت، نەك (٣) سـێ مۆڵەت.

ب- هاوپێچکردنی نووسراوێکی پەسەندکراوی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) بە بڕی:

١- بڕی (١٠) دە ملیۆن دینار بۆ باخچەی منداڵانی خۆماڵی.

٢- بڕی (١٥) ملیۆن دینار بۆ باخچەی منداڵانی نێودەوڵەتی.

٣- بڕی (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی خۆماڵی.

٤- بڕی (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی نێودەوڵەتی.

٥- بڕی (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ ئامادەیی خۆماڵی.

٦- بڕی (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ ئامادەیی نێودەوڵەتی.

٧- بڕی (٢٠) بیست ملیۆن دینار بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی خۆماڵی.

٨- بڕی (٣٠) سی ملیۆن دینار بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی نێودەوڵەتی.

٩- بـڕی (١٥) پـازدە ملیـۆن دینـار بـۆ پەیمـانگەی یەك تـا سـێ بەشـی و (٢٠) بیسـت ملیـۆن دینـار بـۆ ئەو پەیمانگەیانەی لە سێ بەش زیاترن.

پ- دەبێت هەموو بـڕی دڵنیـایی بـانکییەکە وەك پـارە لە بانـك دابنرێـت و نابێـت دەربهێنرێـت تـا دامەزراوکە مابێت.

**دوازدەیەم:**

**أ-** پێویستە وەزارەت لە مـاوەیەك کە لە (٦٠) شەسـت ڕۆژ زیـاتر نەبێـت، لە ڕێکەوتـی پێشکەشـکردنی گشـت پشتگیرییەکان و پێداویستی و مەرجەکان بەشێوەیەکی تەواو لەلایەن داواکارەوە، بڕیاری کۆتـایی لەسـەر داواکە بدات.

ب- ئەگەر بڕیـاری وەزارەت لەسـەر داوایەکە نەرێنـی بـوو، پێویسـتە وەزارەت ئامـاژە بەو پاسـاوە یاسـاییانە بدات کە بونەتە هۆی نەدانی مۆڵەتەکە.

پ- ئەگەر "وەزارەت" لە مـاوەی (٦٠) شەسـت ڕۆژدا، لە ڕێکەوتـی پێشکەشـکردنی گشـت پشـتگیرییەکان و پێداویسـتی و مەرجەکـان بەشـێوەیەکی تەواو لەلایەن داواکـارەوە، بڕیـاری کۆتـایی لەسـەر داواکە نەدا، داواکارییەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت.

**هەشتەم**: ماددەی (٩) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دەبێت.

**دووەم**: دەبێت داوای نوێکردنەوەی مۆڵەت پێش کۆتاییهاتنی مـۆڵەتی کـارپێکراو بە لایەنـی کەم بە (٣) سـێ مانگ و بەلایەنی زۆر بە (٦) شەش مانگ پێشکەش بکرێت.

**سێیەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت بەم شێوەیە دەکرێت:

أ- خــاوەنی مــۆڵەت داواکــارییەك لە ڕێگــای پڕکــردنەوەی (فــۆڕمی نــوێکردنەوەی مــۆڵەت) پێشــکەش بە "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت دەکات، کە کۆپییەکی داواکـارییەکە وەك ئاگاداری دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

ب- پێویستە داواکار بەڵگەی دانی ڕسوماتی نوێکردنەوە پێشکەش بکات. بڕی ڕسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی بڕی ڕسوماتی پێدانی مۆڵەت دەبێت.

پ- پێویستە داواکار، لە ڕێگای نووسراوێکەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەیی پارێزگا بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ئەم پشتگیریانە بەدەست بێنێت:

١- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی پێشتر.

٢- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی خانوبەرەی ساڵی پێشتر.

٣- پشتگیری دانی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بۆ کارمەندانی دامەزراوەکە لە سێ ساڵی پێشتر.

٤- پشتگیری ئەوەی کە داواکاری مۆڵەت بە تاوانێکی ئابڕووبەر، حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

٥- پشتگیری شارەوانی سەبارەت بەوەی دامەزراوەکە لەو تەلارە نەیگواستۆتەوە کە پێشتر مۆڵەتی لەسەر وەرگرتووە، یان گۆڕانکاری بیناسازی تری لە تەلارەکەدا نەکردووە. خاڵی (٥)ی بڕگەی (پ) ی بەندی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە ئەو دامەزراوانە ناگرێتەوە کە لە (١٢) دوازدە مانگی کۆتاییدا مۆڵەتی گواستنەوە یان گۆڕینی بیناسازی لە تەلارەکەیان لای وەزارەت وەرگرتووە.

ت- پێویستە داواکار بەڵێننامەی یاسایی سەبارەت بە پابەندبوون بە نوێترین یاسا و نوێترین ڕێنماییەکان پێشکەش بکات.

ج- پێویستە داواکار بەڵگەنامەی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) بە هەمان بڕ کە لە بڕگەی (ب)ی بەندی (یازدەیەم)ی ماددەی (٨) هاتووە، پێشکەش بە "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت بکات.

چ- ئەگەر داوایەکە سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بوو، پێویستە داواکار بەڵگەی ئەکریدیتەیشنی (نەك کاندید بوون) دامەزراوەکە دابین بکات. نابێت بەڵگەکە لە (٣) سێ مانگ کۆنتر بێت.

ح- ئەگەر داواکار دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بوو، پێویستە داواکار نووسراوێکی پشتگیری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان، سەبارەت بە پیادەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەزموونەکان وەك ئەوەی مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، هاوپێچ بکات. ئەرکە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرامەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەزموونەکان لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت نووسراوێکی پشتگیریکردن یان پشتگیرینەکردن بدەنە داواکار.

خ- پێویستە داواکاری مۆڵەتی نوێکردنەوە نووسراوێك لە بەڕێوبەرایەتیی سەرپەرشتیاریی پارێزگا یان قەزا سەبارەت بە بارودۆخی خوێندن لە دامەزراوەکە لە (٢) دوو ساڵی ڕابوردوو پێشکەش بکات. نووسراوەکە بەپێی بنەمای هەڵسەنگاندنی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیاری بنیاد دەنرێت. ئەگەر دامەزراوەکە (٣) سێ ساڵ لە دوای یەك ئاستی ئەکادیمی پلەی (پێویستی بە پشتیوانییە) یان (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە)، مۆڵەتی بۆ نوێ ناکرێتەوە.

د- پێویستە داواکاری مۆڵەتی نوێکردنەوە هیچ سزایەکی دارایی(غرامە) لە لایەن وەزارەتەوە لەسەر نەمابێت.

ذ- پێویستە داواکار، پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری سەبارەت بەتۆمارکردنی گشت زانیارییەکانی دامەزراوەکە لەسیستەمی(ئی پەروەردە) پێشکەش بکات

**چوارەم:**
أ- ئەگەر داواکار ڕسوماتی نوێکردنەوەی ڕادەستکردبوو، و پشتگیرییەکانی بەدەست هێنابوو، و بەڵێننامەی یاسایی دابین کردبوو، و بەڵگەی (ئەکریدیتەیشن/اعتماد)ی بەدەست هێنابوو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا، پەروەندەکە لەگەڵ ڕای خۆی لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار لە دوای دابینکردنی گشت بەڵگەکان بۆ "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت دەنێرێت.
ب- ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا پەروەندەکەی لە ماوەی (٧) ڕۆژی کار نەنارد، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت بە کارەکە هەڵدەستێت، و لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا لە ڕۆژی دابینکردنی گشت بەڵگەکان بڕیار لە ناردنی پێشنیازی نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ وەزیر دەدات.
**پێنجەم:** ئەگەر داواکار گشت مەرجەکانی تیایدا نەبوو، یان گشت بەڵگە و پشتگیرییەکانی ئامادە نەکردبوو، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە وەزارەت بڕیار لەسەر ناردنی پێشنیازی نوێنەکردنەوەی مۆڵەت بۆ وەزیر دەدات.
**شەشەم:** ئەگەر داواکارییەکە سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی بوو، و داواکار (ئەکریدیتەیشن/اعتماد)ی تەواو نەك (کاندیدبوون) و لەکاتی خۆی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد، مۆڵەتەکەی دەگۆڕدرێت بۆ مۆڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ) و خوێندن بەنرخێکی خۆماڵی دەبێت کە وەزارەت لەگەڵ خاوەن دامەزراوەکە لەسەری ڕێك دەکەون.
**حەوتەم:** ئەگەر خاوەن مۆڵەت لەکاتی دیاریکراو و بەپێی ئەم ڕێنماییانە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد، سزا دەدرێت بەپێی خشتەی سزاکان کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییانە هاتووە.
**هەشتەم:** ئەگەر خاوەن مۆڵەت پێش تەوابوونی مۆڵەتی کارپێکراو داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد، سزا دەدرێت بەپێی خشتەی سزاکان. جگە لەوە مۆڵەتەکەی لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا لەلایەن وەزیر هەڵدەوەشێنرێتەوە.
**نۆیەم:**ماددەی (١٠) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی:
**یەکەم:** مافی گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەت:
أ- خاوەنی مۆڵەتی باخچەی مندالان و قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەی ناحکومی، تەنیا دوای تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر وەرگرتنی مۆڵەت و دەسپێکردنی دەوام لە باخچەکە، قوتابخانەکە، خوێندنگاکە، کۆمەڵگەکە و پەیمانگەکە، مافی گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەتیان بۆ ناوی کەسێکی تری سروشتی یان مەعنەوی هەیە.
ب- ئەو کەسەی/ لایەنەی دەستبەرداری خاوەندارییەتی مۆڵەتەکەی دەبێت مافی نییە تا (٦) شەش ساڵ لە ڕۆژی دەستبەرداربوونی خاوەندارییەتی مۆڵەتەکەی داوای مۆڵەتی نوێ بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بکات.
پ- بڕی ڕسوماتی داواکردنی گۆڕینی خاوەندارییەتی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار دەبێت، و نیوەی ڕسوماتەکە لەلایەن خاوەنەکەی دەدرێت و نیوەکەی تر لەلایەن ئەو لایەنەوە دەدرێت کە داواکارە ببێتە خاوەنی نوێی دامەزراوەکە.

ت- بۆ گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ خاوەنێکی نوێ، داوایەك لەلایەن خاوەنە نوێکەوە و لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆڕمی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت و لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا، پێشکەش بە "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" دەکرێت.

ج- بۆ پەسەندکردنی داوایەکە پێویستە ئەو کەسەی داواکارە ببێتە خاوەنی نوێ، گشت ئەو مەرجانەی تیایدا بێت کە لە ماددەکانی (٤ و ٥ و ٦ و ٧) و بڕگەی (د)ی بەندی سێیەمی ماددەی (٩)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون.

چ- ئەگەر ئەو کەسەی کە دەیەوێت، ببێت بە خاوەنی نوێی دامەزراوەکە، گشت مەرجەکانی تیایدا بێت، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی گشت پێداویستی و بەڵگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە، پەروەندەکە لەگەڵ ڕای خودی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" دەنێرێت. ئەگەر پەروەندەکە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار نەگەیشتە دەست "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان"، ئەو کات "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" بە گشت کارەکان هەڵدەستێت.

ح- ئەگەر داواکار گشت مەرجەکانی تیایدا بوو و گشت پێداویستی و بەڵگەکانی پێشکەش کردبوو، بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی پەروەندەکە بڕیار لە سەر پێشنیازی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ وەزیر دەنێرێت.

خ- ئەگەر داواکار گشت مەرجەکانی تیایدا نەبوو و گشت پێداویستی و بەڵگەکانی پێشکەش نەکردبوو، "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان" لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی پەروەندەکە بڕیار لە سەر پێشنیازی ڕەتکردنەوەی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ وەزیر دەنێرێت.

د- خاوەنی نوێی مۆڵەت تەنیا دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، کار بە مۆڵەتەکەی دەکرێت.

**دووەم**: مافی گۆڕینی مۆڵەتی دامەزراوەی ناحکومی خۆماڵی بۆ نێودەوڵەتی:

أ- خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ) مافی گۆڕینی دامەزراوەکەی بۆ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی هەیە، بە مەرجێك نووسراوێکی (ئەکریدیتەیشن) یان کاندیدبوونی ئەکریدیتەیشن لە ناوەندێکی جیهانی باوەڕ پێکراو پێشکەش بکات، و پرۆگرام و شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراوی هەبێت و بە مەرجێك ڕسوماتی گۆڕینی مۆڵەت کە (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی بڕی ڕسوماتی پێدانی مۆڵەتە بدات، و بەمەرجێك گۆڕانکارییەکە گەشت قۆناغەکە بگرێتەوە، بەڵام لە پۆلی یەکەم دەستپێبکات و بۆ ئەوەی لە ماوەی (٩) نۆ ساڵدا گشت قوتابخانە بنەڕەتییەکە، یان لە ماوەی (٣) ساڵدا گشت خوێندنگەکە، ببێتە نێودەوڵەتی. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی پێش گۆڕینی دامەزراوەکە بۆ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی، لە دامەزراوەکە دەخوێنن هەر بە سیستەمی خۆماڵی خۆیان بەردەوام دەبن.

ب- داوایەکە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت بە مەرجێك مەرجەکانی بڕگەی (أ) ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە لە داواکاردا هەبێت.

**دەیەم**: بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم) و (سێیەم) لە ماددەی (١٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی گواستنەوەی لە تەلارێك بۆ تەلارێکی تر هەیە بەڵام بەمەرجێك لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەمان قەزا یان قەزایەکی هاوسێ بێت (واتە سنووری بەسنووری ئەو قەزایەوە بێت کە دامەرزاوەکەی لێیە) و دوای ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت.

**دووەم:**

**أ-** بۆ گواستنەوەی دامەزراوەکە بۆ تەلارێکی تر پێویستە داواکارییەك بە لایەنی کەم بە (٢) دوو مانگ پێش گواستنەوە پێشکەش بە "بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە ناحکومییەکان" بکرێت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا، و پڕکردنەوەی فۆڕمی گواستنەوەی تەلاری دامەزراوە و ئاماژەکردن بە هۆکارە ئەرێنییەکانی گواستنەوەکە بکرێت.

ب- ئەگەر دامەزراوەیەك ویستی تەنیا بەشێکی (بازنەیەك/قۆناغێك) بگوازێتەوە بۆ تەلارێکی نوێ و ئامادە نەبوو لە ماوەی (٢) دوو ساڵی دواتر گشت قۆناغەکانی دامەزراوەکە بگوازێتەوە بۆ تەلارەکە نوێیەکە، دەبێت ئەو کات مۆڵەتێکی نوێ و سەربەخۆ بۆ ئەو بەشە وەربگرێت، کە دەیەوێت بیگوازێتەوە.

**سێیەم:** بۆ ئەوەی گواستنەوەکە پەسەند بکرێت، دەبێت تەلارە نوێیەکە گشت مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری دامەزراوەی تیایدابێت، کە لەم ڕێنماییە و هاوپێچەکان هاتووە. جگە لەوە دەبێت داواکار لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا، نووسراوی هێنانی پشتگیری ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی لای خوارەوە ناویان هاتووە دابین بکات، و دەبێت وەڵامەکانیان لە ماوەی (٢٠) بیست ڕۆژدا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا بەرێت:

أ- ڕەزامەندی لیژنەی ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی پارێزگا بۆ تەلاری نوێکە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییانەی تێدایە.

ب- پشتگیری سەرۆکایەتی شارەوانی سەبارەت بەوەی تەلارە نوێکە بۆ خوێندن گونجاوە.

ج- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.

**یازدە :** بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (١٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دووەم:** کاتێك سەلمێنرا کە تەلاری دامەزراوەکە گوازراوەتەوە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت، یان کاتێك دەرکەوت نهۆمی زیاتری بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت دروستکردووە.

**دوازدە :**بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٥) هەموار دەکرێت و بڕگەی (پێنج)ی بۆ زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** خاوەن مۆڵەت مافی هەیە تەنیا بۆ ماوەی یەك تا دوو ساڵ دامەزراندنی دامەزراوەکە دوا بخات (واتە هەڵپەسێرێت) لە ڕێگای پێشکەشکردنی داوایەك بۆ وەزارەت و دانی ڕسوماتی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار ئەگەر هەڵپەساردنەکە بۆ یەك ساڵ بوو، و (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار ئەگەر هەڵپەساردنەکە بۆ دوو ساڵ بوو. هاوکات، ئەرکە لەسەر داواکار بەڵێنامەیەکی یاسایی بێنێت سەبارەت بەوەی پاش هەڵپەساردنەکە دەتوانێت دامەرزاوەکەی لەهەمان تەلار، کە مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، دەستبەکار بێت.

**پێنجەم:** پێویستە خاوەن دامەزراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت ڕێگایەکی گونجاو بۆ هاوکاریکردنی گواستنەوەی ئارەزومەندانەی قوتابیان و خوێندکاران، بۆ دامەزراوەیەکی حکومی، یان ناحکومی کە بەخێوکار کرێکەی دەدات، بدۆزێتەوە.

**سێزدە :** بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (١٨) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دووەم:** لەکاتی پێویست وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان، مافیان هەیە لیژنەی تایبەت دروست بکەن بەمەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.

**چوارده :** بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢٠) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** هەمــوو دامەزراوەیەکــی پەروەردەیــی نــاحکومی نێــودەوڵەتی و بیــانی، دەبێــت بەو سیســتەمی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنەی کە پێشتر مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، پابەند بێت، هەروەها دەبێت لەلایەن دامەزراوە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکە، یان دەوڵەتە بیانییەکە سەرپەرشتی بکرێن.

**پازدە** : خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم) و (دووەم) و (چوارەم)ی ماددەی (٢٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە:

**یەکەم:** بەجێهێنانی (أداء) هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بە گوێرەی زانیارییەکان و بەڵگەکانی ڕاپۆرتی ساڵانە دەبێت و بەم جۆرە پۆلین دەکرێت:

١- ئاستی یەکەم (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە).

٢- ئاستی دووەم (پێویستی بە پشتیوانییە).

٣- ئاستی سێیەم (ناوەند).

٤- ئاستی چوارەم (باشە).

٥- ئاستی پێنجەم (زۆر باشە).

٦- ئاستی شەشەم (نایاب).

**دووەم:** هەر کادرێك لە هەر دامەزراوەیەك بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و بەم جۆرە پۆلین دەکرێت:

١- ئاستی یەکەم (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە).

٢- ئاستی دووەم (پێویستی بە پشتیوانییە).

٣- ئاستی سێیەم (ناوەند).

٤- ئاستی چوارەم (باشە).

٥- ئاستی پێنجەم (زۆر باشە).

٦- ئاستی شەشەم (نایاب).

**چوارەم:**

١- هەر کارمەندێکی پەروەردەیی ئاستی (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە) یان (پێویستی بە پشتیوانییە)ی بەدەست هێنا، دەبێت ئاستەکەی بەرز بکاتەوە.

٢- ئەگەر کارمەنـدەکە لە ئاسـتی (پێویسـتی بە پشـتیوانی زۆرە) یـان (پێویسـتی بە پشـتیوانییە) مـایەوە، دامەزراوەکە دەتوانێت ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر و گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

**شازدە** : ماددەی (٢٥) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (٢٥):

**یەکەم:** ئەو بـاخچەی منـداڵان و قوتابخـانە و خوێنـدنگا و کـۆمەڵگەی پەروەردەیـی و پەیمانگەیـانەی پـێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دەستبەکار بـوون و لە تەلاری مـوڵکی خۆیـانن، بەپێـی ئەو ڕێنماییـانە مامەڵەیـان لەگەڵ دەکرێت، کە مۆڵەتیان پێ وەرگرتووە.

**دووەم:** ئەو قوتابخــانە و خوێنــدنگا و کــۆمەڵگەی پەروەردەیــی و پەیمانگەیــانەی پــێش دەرچــوونی ئەم ڕێنماییانە دەستبەکار بوون و لە تەلاری کرێدان، دەبێـت لە مـاوەی (٣) سێ سـاڵدا لە ڕۆژی دەرچـوونی ئەم ڕینماییانە لەگەڵ مەرجەکانی ئەم ڕێنماییانە و هاوپێچی ژمارە (٤) چوار خۆیان بگونجێنن.

**سێیەم:** ئەو باخچەی منداڵانەی کە پـێش دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانە دەسـتبەکار بـوون و لە تەلاری کرێـدان، بەپێی ئەو ڕێنماییانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە مۆڵەتیان پێ وەرگرتووە.

**چوارەم**: لەکاتی گواستنەوەی باخچەیەکی منداڵان کە پێشتر دەستبەکار بووە، بۆ تەلارێکی نوێ دەبێت تەلارە نوێیەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لەم بەشەی ڕێنماییەکان و هاوپێچی ژمارە (٢) دووی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**پێنجەم**: لەکاتی گواستنەوەی قوتابخانەیەك، خوێندنگایەك، کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی، پەیمانگەیەك کە پێشتر دەستبەکار بووە بۆ تەلارێکی نوێ دەبێت تەلارە نوێیەکە گشت ئەو مەرجانەی تیایدا بێت کە لەم بەشەی ڕێنماییەکان و هاوپێچی ژمارە (٤) چوار هاتووە.

**حەڤدە** :ماددەی (٢٦) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: دەکرێت تەلاری دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان موڵك بن، یان کرێ.

**دووەم**: دەکرێت تەلاری دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بۆ دوو دەوامی لە دوا یەك بەکار بێت، بە مەرجێك هەر دوو دەوام لەلایەن هەمان خاوەن مۆڵەت بێت.

**هەژدە** : ماددەی (٢٧) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: تەلاری باخچەی منداڵان.

أ- باخچەی منداڵان مافی هەیە نهۆمی عەرزی و نهۆمی یەکەم (واتە نهۆمی سەر نهۆمی عەرزی) تەلارێك بۆ کاری پەروەردەیی و وەك پۆل بەکار بێنێت، بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (ب)ی ئەم بەندە. ژێرزەمین بە نهۆم هەژمار ناکرێت.

ب- نابێت هیچ پۆلێکی باخچەی منداڵان لەژێرزەمین بێت. بەڵام دەکرێت خزمەتگوزاری و کۆگا و کافتریا و یاریگا و کاری کارگێڕی و هتد لەژێرزەمین بکرێت بە مەرجێك ژێرزەمین پەنجەرەی هەبێت.

**دووەم**: تەلاری قوتابخانە و بەشی بنەڕەتی کۆمەڵگەی پەروەردەیی.

أ- دەکرێت تەلاری قوتابخانە و بەشی بنەڕەتی کۆمەڵگەی پەروەردەیی تا (٣) سێ نهۆم بۆ پۆل بەکار بێنن. ژێرزەمین بە نهۆم هەژمار ناکرێت، و ڕووبەرێك کە بۆ کاری وەرزشی و چالاکی و بۆنەکان و هتد بەکار دێت بە نهۆم هەژمار ناکرێت.

ب- ئەگەر تەلاری قوتابخانە لە (٣) سێ نهومی خوێندن (واتە سێ نهۆم کە پۆلی خوێندنی تێدایە) زیاتر بوو (جگە لە ژێرزەمین) ، ئەو کات پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەت هەیە، و دەبێت سیستەمی نهۆم بڕ (مصعد) لە تەلارەکە هەبێت.

پ- نابێت پۆلی وانەگوتنەوە لەژێرزمین و نهۆمی سەرو نهۆمی (٣) سێ بێت، بەڵام دەکرێت ژێر زەمین و نهۆمی سەرو نهۆمی (٣) سێیەم بۆ تاقیگە و هۆڵی تاقیکردنەوە و یاریگا و کافتریا و چێشتخانە و کاری کارگێڕی و خزمەتگوزاری و شوێنی بۆنەکان و هتد بەکار بێت.

ت- دەبێت قوتابخانەی بنەڕەتی بەلایەنی کەم (٦) شەش پۆلی هەبێت.

**سێیەم**: تەلاری خوێندنگا و بەشی ئامادەیی کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە.

أ- دەکرێت خوێندنگا و پەیمانگە لە تەلارێکی بەرزتر لە (٣) سێ نهۆمی بێت، و پەیمانگە چەند نهۆمێکی جیاوازی لە تەلارەکەدا هەبێت، بە مەرجێك سیستەمی نهۆم بڕ لە تەلارەکە هەبێت.

ب- نابێت پۆلی وانەگوتنەوە لەژێرزمین بێت، بەڵام دەکرێت ژێرزەمین بۆ تاقیگە و هۆڵی تاقیکردنەوە و یاریگا و کافتریا و چێشتخانە و کاری کارگێڕی و خزمەتگوزاری و هتد بەکار بێت.

پ- دەبێت خوێندنگای ئامادەیی، پاش (٣) سێ ساڵ لە بەکاربوونی، گشت پۆلەکانی قۆناغەکەی هەبێت.

**چوارەم:** دەکرێت دوو پەیمانگەی پسپۆری جیاواز لە یەك تەلاردا بن، بەڵام لە نهۆمی جیاوازدا، و لەو کاتەدا هەر پەیمانگەیەك بتوانێت گشت ڕووبەر و پێداویستییەکانی کە پێویستییەتی بە کاری بهێنێت.

**پێنجەم:** قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە ناحکومییەکان، بە مەبەستی کاری کارگێڕی و پەروەردەیی و خولی بەهێزکردنی قوتابیان و ڕاهێنان، دەتوانن لەدوای تەواوبوونی دەوامی ڕۆژانەی قوتابیان لە دامەزراوەکە و لە کاتی پشووەکان سوود لە تەلاری دامەزراوەکە وەربگرن.

**شەشەم:** بە مەبەستی هاوکاریکردنی دامەزراوەکە و پشتگیریکردنی بەڕێوەبەر بە شێوەیەکی گشتی، خاوەنی دامەزراوەکە مافی هەبوونی ژوورێکی خۆی لە تەلاری دامەزراوەکە هەیە، بێ دەستوەردان لە کاروباری ڕۆژانەی دامەزراوەکە، جگە لە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەر و ژمێریار. ئەمە لە حاڵەتێکدا خاوەن خۆی بەڕێوەبەر نەبوو لە دامەزراوەکە.

**نۆزدە :**

أ- بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٨) هەموار دەکرێت لە ژمارەی (١٥٠) قوتابی و خوێندکار بۆ (٢٠٠) قوتابی و خوێندکار.

ب- بڕگەی (چوارەم) و (پێنجەم) و (شەشەم) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**چوارەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی هەبێت، بۆ هەر (٣٠٠) سێ سەد قوتابی و خوێندکارێك.

ئەگەر دامەزراوە یەك ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبوو، دامەزراوە سەرپشکە لە دانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕەگەزی مێینە یان نێرینە. ئەگەر دامەزراوە زیاتر لە یەك ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبوو، دەبێت ڕێنماییکار لە هەردوو ڕەگەز هەبێت.

**پێنجەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (٣٠٠) سێ سەد قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دامەزراوەکە دابین بکات، لە ڕێگەی دامەزراندنی کەسی پسپۆر یان لە ڕێگەی گرێبەست لە گەڵ ناوەندێکی تەندروستی یان بە شێوازێکی تر.

**شەشەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (٢٠٠) دوو سەد قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، فەرمانبەرێکی کتێبخانەی هەبێت.

پ- بڕگەی (دەیەم)ی ماددەی (٢٨)، خاڵی چوارەمی بۆ زیاد کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤- بەڕێوەبەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی إعارەکراو و خاوەن مۆڵەتی بێ موچە بە کارمەندی هەمیشەیی هەژمار ناکرێن.

**بیست** : أ- بەندی (یەکەم) و (سێیەم)ی ماددەی (٢٩) هەموار دەکرێنەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

**یەکەم:**

**١-** دەبێت ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومیی بە هەمیشەیی دامەزراوەن، لە (٨٠٪) هەشتا لە سەدی کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان لە دامەزراوەکە کەمتر نەبن بە وانەبێژەکانیشەوە.

٢- بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەی زیاتر لە یەك باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەیان هەیە، دەبێت لە هەر یەك لە باخچەکان، قوتابخانەکان، خوێندگەکان، کۆمەڵگەکان و پەیمانگەکان مەرجی (٨٠ ٪) هەشتا لەسەدەکەیان هەبێت.

٣- دەبێت لە قوناغەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی، واتە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە هەر یەك لە سێ قۆناغەکە بە جیا مەرجی بە لایەنی کەم (٨٠٪) هەشتا لەسەد کارمەندی هەمیشەییان هەبێت.

٤- دەبێت بەلایەنی کەم (٨٠٪) هەشتا لە سەدی بەشەوانەکانی هەر پۆلێك (نەك هەر هۆبەیەك) بدرێتە ئەندامە هەمیشەییەکانی دەستەی مامۆستایان.

**سێیەم:**

١- تەنها پێش دەستپێکردن و دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی خودی ئەو قوتابخانەیە/کۆمەڵگە پەروەردەییە/پەیمانگە حکومییەی کە مامۆستا/فەرمانبەرە حکومییەکە کاری تێدا دەکات، و دوای ئاگادارکردنەوەی شوێنی کارەکەی و بێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەرکەکانی لە دامەزراوە حکومییەکە هەبێت، مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوەی پەروەردەیی حکومی مافیان هەیە لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان کار بکەن، ئەوەیش بەپێی ماددەی (٦) شەش لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی.

بۆ نمونە، ئەگەر دەوامی قوتابخانەیەکی حکومی کاتژمێر (٨) هەشت تا (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ بوو، ئەو کات مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە تەنها پاش کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، و پاش ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە حکومییەکەی خۆی و بێ ئەوەی کاری نەرێنی لەسەر قوتابخانە حکومییەکە هەبێت، دەتوانێت لە قوتابخانەیەکی ناحکومی کار بکات. یاخود ئەگەر دەوامی قوتابخانەیەك کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ تا (٤) چواری ئێوارە بوو، ئەو کات مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە دەتوانێت پێش کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ و پاش کاتژمێر (٥) پێنجی ئێوارە لە قوتابخانەیەکی ناحکومی و بە مەرجە ناوبراوەکانی سەرەوە، کار بکات.

٢- دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی نییە مامۆستا و فەرمانبەری تری دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان پێش دەسپێك و پاش تەواوبوونی دەوامی فەرمی ئەو دامەزراوە حکومییەی ئەو مامۆستایە/فەرمانبەرە کاری لێدەکات، بەکار بێنێت.

٣- دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی نییە فەرمانبەرانی نێو وەزارەت و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەکار بهێنێت.

ب- بەندی (شەشەم) بۆ ماددەی (٢٩) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**شەشەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، لە کاتی ڕێکلامکردن مافیان نییە ناوی ئەو مامۆستا حکومییانە بەکار بێنن کە لە لایەن دامەزراوەکەوە وەك وانەبێژ بەکار دێن. هەروەها دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافیان نییە ناوی دامەزراوە حکومییەکان لە کاتی ڕێکلامکردن بەکار بێنن.

**بیست و یەک:**

أ- بڕگەی (سێیەم) و (پێنجەم و شەشەم) لە ماددەی (٣٠) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**سێیەم**: کارمەندانی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی پشوویان هەیە، ئەویش لە گرێبەستی نێوان دامەزراوە و کارمەند و پشتبەست بە یاسای کار ڕێك دەخرێت.

**پێنجەم**: کاتژمێرەکانی کارکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوە ناحکومییەکان لە (٨) هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا زیاتر نابێت. لە حاڵەتی کارکردنی زیاتر وەك لەوەی لە گرێبەست هاتووە، پێویستە دامەزراوەکە مافی هەر کاتژمێرێکی کارکردنی زیادە بە مامۆستا/فەرمانبەری پەیوەندیدار بدات.

**شەشەم:**

١- نابێـت کەمتـرین بـڕی مـوچەی مانگـانەی مامۆسـتای هەمیشـەیی لە قوتابخـانە، خوێنـدگە و پەیمـانگە ناحکومییەکان کەمتر بێت لە موچەی مامۆستای گرێبەستی کەرتی گشتی بواری پەروەردە.

٢- نابێت کەمترین بڕی موچەی مانگانەی مامۆستای هەمیشەیی لە باخچەی منداڵان کەمتر بێـت لە کەمتـرین موچەی (إسمي/بنەڕەت) مامۆستایانی باخچەی منداڵانی کەرتی گشتی.

٣- بـڕی مـوچەی مانگـانەی کارمەنـدانەی تـری هەمیشـەیی (نەك مامۆسـتایان) لە دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومییەکان بە پێی یاسای کار و ڕێنماییەکانی بێت.

٤- پێویستە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان پابەند بـن بە جێبەجێکردنـی خاڵەکـانی (١) و (٢) و (٣)ی ئەم بەندە. ئەم خاڵە ئەو دامەزراوانەش دەگرێتەوە کە پێشتر گرێبەستیان کردووە.

ب- بڕگەی (حەوتەم و دەیەم) لە ماددەی (٣٠) هەڵدەوەشێتەوە .

**بیست و دوو:** بەندی (دووەم) بۆ ماددەی (٣١) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دووەم:** گشت بەندەکانی ماددەی (٢٨ و ٢٩ و ٣٠) لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی ڕێنماییەکان لە (وەقایعی کوردسـتان) کاریـان پێـدەکرێت. ئەو دامەزراوانەش کە پێشـتر گرێبەسـتیان کـردووە دەبێـت گرێبەسـتەکانیان هەمـوار بکەنەوە و لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە بیگونجێنن.

**بیست و سێ:**

أ- بڕگەی (یەکەم) ماددەی (٤٠) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی:

**یەکەم:**

**١-** پێویستە گرێبەسـت لەنێـوان دامەزراوەکە و هەر کارمەنـدێکی دامەزراوەکە هەبێـت.دامەزراوە و کارمەنـد ئازادن لە ڕێکەوتن لە هەر شێوەیەك لە گرێبەست کە خۆیان بە چاکی دەزانـن، بە ڕەچـاوکردنی حوکمەکـانی ماددەی (٣٠) و ئەم ماددەیە.

٢- دەبێت کۆپییەکی گرێبەستەکە لای دامەزراوەکە و کارمەندەکە هەبێت.

٣- دەبێـت کـۆپییەکی گرێبەسـتەکان لە مـانگی یەکەمـی دامەزرانـدن وەك ئاگـاداری (نەك بـۆ پەسـەندکردن ) بنێردرێت بۆ بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار.

ب- لە بەنـــدی چـــوارەم وشـــەکانی (دوای کۆتـــایی هەر وەرزێکـــی خوێنـــدن) دەکرێـــت بە (دوای کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن).

**بیست وچوار:** خاڵی (٢)ی بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٤٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢- پرۆگرامـــی دامەزراوەیەکـــی پەروەردەیـــی نێـــودەوڵەتی، کە لەلایەن بـــنکەی ســـەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە پەسەند کراوە و ناوی لای وەزارەت تۆمارکراوە.

**بیست وپێنج:**

أ- بەندی (دووەم)ی ماددەی (٤٥) هەموار دەکرێت:

**دووەم:** بابەتەکـانی خوێنـدن لە دامەزراوە پەروەردەیـیە نـاحکومییە نێـودەوڵەتیی و بیانیەکـان، بەپێـی ئەو پرۆگـرامە دەبێـت کە پێشـتر پێشـکەش بە وەزارەت کـراوە و ڕەزامەنـدی پـێ وەرگیـراوە، بە ڕەچـاوکردنی ئەوەی کە خوێنـدنی زمـانی کـوردی و عەرەبـی و ئـاین دەبێـت هەبێـت و بەپێـی پرۆگرامـی وەزارەت بێـت. هەروەها دەبێت خوێندن سەبارەت بە جوگرافیا و مێـژووی کوردسـتان لە پرۆگرامـی دامەزراوەکە هەبێـت.

ب- بەندی (سێیەم) زیاد دەکریت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**سـێیەم**: هەر دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی نـاحکومی خۆمـاڵی، دوای ئاگـادارکردنەوەی وەزارەت، مـافی زیادکردنی کات و بابەتی خوێندنی وەك بابەتێکی زێدەکی بۆ پرۆگرامەکانی هەیە، بەو مەرجەی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشەوانەی بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن نەبێت و لەگەڵ بنەما گشتییەکان ناکۆك نەبێت.

**بیست و شەش** : بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٤٦) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەیە بەو زمانەی خۆی دەیەوێت خوێندن بەڕێوە بـات، بە مەرجێك خوێندنی بابەتی زمانی کوردی و زمـانی عەرەبـی لە گشـت قۆناغەکانـدا و بە پرۆگرامـی وەزارەت تێیـدا بخوێنرێـت. جـگە لەوە وەزارەت مـافی هەیە بڕیـار بـدات هەر بابەتێـك کە پێویسـت بکـات بە زمـانی کوردی بخوێنرێت.

**بیست و حەوت:**

أ- بەندی (پێنجەم)ی ماددەی (٤٧) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**پێنجەم**:

١- پێویسـتە هەمـوو دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومیەکـان، بـۆ هەر سـاڵێکی خوێنـدن (٥) پێـنج کورسـی بە خۆڕایی بۆ منداڵی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان بکات، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت.

٢- پێویستە هەمـوو دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومیەکـان، بـۆ هەر سـاڵێکی خوێنـدن (٥) پێـنج کورسـی بە خۆڕایی بۆ کەمئەندامانی سەنگەر  و منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان دابـین بـکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمـارە داواکارییە هەبێت.

ب- بەندی (نۆیەم) بۆ ماددەی (٤٧) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**نۆیەم:**

١- هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیـی نـاحکومی مـافی نیـیە قوتـابی یـان خوێنـدکاری دامەزراوەیەکـی تـر لە خوێندن بەشدار بکات پێش هێنانی بەڵگەنامەی گواستنەوە لەو دامەزراوەیەی لێی بووە.

٢- دەبێت لە گشت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کە قوتابی/خوێندکاری خـاوەن پێداویسـتی تـایبەتی تێـدایە ژووری سەرچاوەکان هەبێت، کە تێدا پێداویستیەکانی خوێندنی تایبەتی تیایـدا بێـت و جـگە لەوە دەبێـت مامۆستای تایبەت بۆ ئەو قوتابیانە دابین بکرێت.

**بیست و هەشت:** بەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٤٨) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

**چـوارەم**: ئەرکە لەسـەر دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومییەکـان لەکـاتی ئەزموونەکـان ڕەچـاوی قوتـابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.

**بیست و نۆ :** بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (٤٩) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی:

**سێیەم**: قوتابخانە و خوێندنگا نـاحکومییە خۆماڵییەکـان هەمـان کلێشـەی بڕوانـامە فەرمییەکـانی وەزارەت، بەڵام بە لۆگۆی خۆیانەوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و گواستنەوە بەکار دێنن.

**سی :** بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٠) هەموار دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**دووەم**: قوتابخانە و خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکـان بەشـداری لە یەکێـك یـان زیـاتر لە تـاقیکردنەوە جیهانییەکـان دەکەن، کە لیژنەیەکـی وەزارەت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ ئەنجـومەنی وەزیـران سـاڵانە و پـێش دەستپێکی ساڵی خوێندن بڕیاری لەسەر دەدەن.

**سی و یەک:** أ- بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٥٤) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
**یەکەم:**
**أ-** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، مافی ساڵنامەی خوێندنی تایبەت بە خۆی هەیە، بە مەرجێك لە ساڵنامەی خوێندنی دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان کەمتر نەبێت و ساڵنامەکە لەگەڵ کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم و کۆتایی وەرزی دووەم لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان و لەگەڵ کاتی تاقیکردنەوەکانی نیشتیمانی و وەزاری و خولی یەکەم و خولی دووەم ناکۆك نەبێت. دەبێت ساڵنامەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی (٨) هەشت ئاشکرا بکرێت.
ب- دەبێت هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی خۆماڵی و نێودەوڵەتی و بیانی، پێش کۆتایهاتنی مانگی هەشت، ساڵنامەی خوێندنی خۆی و خشتەی دابەشکردنی بەشەوانەکانی خوێندن لە هەفتەیەکدا، و خشتەی دابەشکردنی بڕگەکانی خوێندن بەسەر هەردوو وەرزی خوێندن، بو وەزراەت وەك زانیاری بنێرێت.
ب- خاڵی (٧) بۆ بەندی (پێنجەم) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
٧- پشووی جەژنەکان.
**سی و دوو:** ماددەی (٥٥) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:
**ماددەی (٥٥):** ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیی **حکومی** بۆ **ناحکومی خۆماڵی و نێودەوڵەتی/بیانی:**
**یەکەم**: گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **حکومی** بۆ دامەزراوەی پەرەوردەیی **ناحکومی خۆماڵی**:
أ- قوتابی پۆلی **یەکەمی بنەڕەتی** تا خوێندکاری پۆلی **دەیەمی ئامادەیی** دەتوانێت لە قوتابخانە و خوێندنگایەکی حکومی بۆ قوتابخانە و خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بیات.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی/خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.
ب- خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی ئامادەیی** دەتوانێت لە خوێندنگایەکی حکومی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بیات.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.
پ- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی ئامادەیی** دەتوانێت لە خوێندنگایەکی حکومی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- خوێندنگا حکومییەکە ڕازی بێت، و هەروەها خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. لە حاڵەتی گواستنەوەی خوێندکار بۆ قەزایەکی تر دەکرێت گواستنەوەکە پاشتر بێت.

ت- خوێندکاری پۆلی **یەکەم** تا پۆلی **پێنجەمی** پەیمانگە دەتوانێت لە پەیمانگەیەکی حکومی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە پەیمانگە ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە پەیمانگە حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بهات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

**دووەم:** گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **حکومی** بۆ دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی:**

أ- قوتابی پۆلی **یەکەمی** بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی **دەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانە / خوێندنگایەکی حکومی بۆ قوتابخانە/خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی بیانی بگوازێتەوە بەمەرجێك:

١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بهات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی/خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە ڕازی بێت.

٤- قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی قوتابی / خوێندکار بکات سەبارەت بەوەی کە ئاستی زانستی قوتابییەکە/خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بەشانی خوێندکارانی هاوپۆلی لەقوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکەبیانییەکە بەردەوام بێت

ب- خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی حکومی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بگوازێتەوە، بەم مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بهات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.

٣- هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی خوێندکارەکە لە لایەن خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە کرابێت کە ئاستی زانستی خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە بەردەوام بێت.

پ- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی حکومی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندنگا حکومییەکە ڕازی بێت، و هەروەها خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بات.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.
٣- هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی خوێندکارەکە لە لایەن خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە کرابێت کە ئاستی زانستی خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە بەردەوام بێت.

ت- خوێندکاری پۆلی **یەکەم** تا پۆلی **پێنجەمی** پەیمانگە دەتوانێت لە پەیمانگەیەکی حکومی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە پەیمانگا ناحکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە پەیمانگا حکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ پەیمانگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بات.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.
٣- هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی خوێندکارەکە لە لایەن پەیمانگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە کرابێت کە ئاستی زانستی خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە پەیمانگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە بەردەوام بێت.

**سی و سێیەم:** ماددەی (٥٦) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (٥٦): ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی خۆماڵی** و **نێودەوڵەتی بۆ حکومی**.

**یەکەم**: گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی خۆماڵی** بۆ **حکومی**:

**أ**- قوتابی پۆلی **یەکەمی** بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانە / خوێندنگایەکی ناحکومیی خۆماڵی بۆ قوتابخانە/خوێندنگایەکی حکومی بگوازێتەوە، بەمەرجێك:
١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ قوتابخانە/خوێندنگە حکومییەکەی بۆی دەچێت، بات.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی/خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.
٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکە بۆ دامەزراوە حکومییەکە بات.

ب- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومیی خۆماڵی بۆ خوێندنگایەکی حکومی بگوێزێتەوە، بە مەرجێك:
١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگە حکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکە بۆ خوێندنگا حکومییەکەی بۆی دەچێت، بات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.
٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە خوێندنگا ناحکومییەکە بۆ خوێندنگا حکومییەکە بهێنێت.
پ- خوێندکاری پەیمانگەی ناحکومی خۆماڵی ناتوانێت بۆ پەیمانگەی حکومی بگوازێتەوە.
ت- ئەگەر قوتابییەك/ خوێندکارێك لە دامەزراوەیەکی حکومی خۆی گواستبێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی ناحکومی خۆماڵی، ئەو کات تەنها پاش تێپەرکردنی پۆلێك بە سەرکەوتووی لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکە دەتوانێت بۆ دامەزراوەیەکی حکومی بگوازێتەوە.
**دووەم:** گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ حکومی:
أ- قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی دەیەمی ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانەیەك/خوێندنگایەکی ناحکومیی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ قوتابخانەیەك/خوێندگەیەکی حکومی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە قوتابخانە/خوێندنگە حکومییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە بۆ /قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکەی بۆی دەچێت، بهێنێت.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی/خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.
٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتی/بیانییەکە بۆ دامەزراوە حکومییەکە بهێنێت.
٤- قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکە، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی قوتابی/خوێندکار بکات سەبارەت بەوەی کە ئاستی زانستی قوتابییەکە/خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە قوتابخانە/خوێندنگا حکومییە بەردەوام بێت.
ب- خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومیی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ خوێندگەیەکی حکومی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:
١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا حکومییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگا ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە بۆ خوێندنگا حکومییەکەی بۆی دەچێت، بهێنێت.
٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. پاش ئەو ماوەیە مافی گواستنەوەی بۆ خوێندنگەیەکی تر لە هەمان قەزا نییە.
٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتی/بیانییەکە بۆ دامەزراوە حکومییەکە بهێنێت.
٤- خوێندنگا حکومییەکە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی خوێندکار بکات سەبارەت بەوەی کە ئاستی زانستی خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە خوێندنگا حکومییەکە بەردەوام بێت.

پ- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی** ئامادەیی خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی ناتوانێت بۆ خوێندنگایەکی حکومی لە هەمان قەزا بگوازێتەوە.

ت- خوێندکاری پەیمانگەی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی ناتوانێت بۆ پەیمانگەی حکومی بگوازێتەوە.

ج- ئەگەر قوتابییەك/ خوێندکارێك لە دامەزراوەیەکی حکومی گوازرابێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی، تەنها پاش تێپەرکردنی پۆلێك بە سەرکەوتوویی لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە دەتوانێت بۆ دامەزراوەیەکی حکومی بگوازێتەوە، بە ڕەچاوکردنی خاڵەکانی سەرەوەی ئەم بەندە.

**سی و چوار :** ماددەی (٥٧) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ماددەی (٥٧):** ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی خۆماڵی** و **نێودەوڵەتی/بیانی** بۆ **ناحکومی خۆماڵی** و **نێودەوڵەتی/بیانی**

**یەکەم**: گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی خۆماڵی** بۆ **ناحکومی خۆماڵی**:

**أ-** قوتابی پۆلی **یەکەمی** بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانەیەك و خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانە و خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بڕوات، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە قوتابخانە/خوێندنگا ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ قوتابخانە/خوێندنگە حکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی/خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بوویێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

ب- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە خوێندنگا ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بڕوات، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە خوێندنگە ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ خوێندنگا حکومییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. لە حاڵەتی گواستنەوەی خوێندکار بۆ قەزایەکی تر دەکرێت گواستنەوەکە پاشتر بێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە خوێندنگا ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگا ناحکومییەکەی بۆی بچێت، بیات.

پ- خوێندکاری پۆلی **یەکەم** تا پۆلی **پێنجەمی** پەیمانگەی ناحکومی خۆماڵی دەتوانێت بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی خۆماڵی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە پەیمانگە ناحکومییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێ دەڕوات بۆ پەیمانگە ناحکومیە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێی دەڕوات بۆ پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

**دووەم:** گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی خۆماڵی** بۆ **ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی**:

أ- قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانەیەك/خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانە و خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێی بووە بۆ قوتابخانە/خوێندنگە ناحکومییە نێوەدەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی و خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

ب- خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێی بووە بۆ قوتابخانە/خوێندنگە ناحکومییە نێوەدەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. لە حاڵەتی گواستنەوەی خوێندکار بۆ قەزایەکی تر دەکرێت گواستنەوەکە پاشتر بێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە خوێندنگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێی دەڕوات بۆ خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

پ- خوێندکاری پۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگەی ناحکومی خۆماڵی دەتوانێت بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە پەیمانگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکە/بیانییەکە، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێ دەڕوات بۆ پەیمانگە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەی بۆی دەچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە پەیمانگە ناحکومییە خۆماڵییەکەی لێی دەڕوات بۆ پەیمانگە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

**سێیەم**: گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی** نێودەوڵەتی/ بیانی بۆ دامەزراوەیەکی **ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی** تر.

أ- قوتابی پۆلی **یەکەمی** بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی **یازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانەیەك/خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/ بیانی بۆ قوتابخانە و خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/ بیانی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە نێوەدەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی و خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

ب- خوێندکاری پۆلی **دوازدەیەمی** ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە نێوەدەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

پ- خوێندکاری پۆلی **یەکەم** تا **پێنجەمی** پەیمانگە دەتوانێت لە پەیمانگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی تر بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە نێوەدەوڵەتییە/بیانییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

**چوارەم**: گواستنەوە لە دامەزراوەی پەروەردەیی **ناحکومی نێودەوڵەتی/ بیانی** بۆ دامەزراوەیەکی **ناحکومی خۆماڵی**.

أ- قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی دەتوانێت لە قوتابخانەیەك/خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ قوتابخانە و خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتی/بیانییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە قوتابی و خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت قوتابی/خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

٤- قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکە، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی قوتابی/خوێندکار بکات سەبارەت بەوەی کە ئاستی زانستی قوتابییەکە/خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە قوتابخانە/خوێندنگا حکومییەکە بەردەوام بێت.

ب- خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی دەتوانێت لە خوێندنگایەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ خوێندنگایەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییە نێودەڵەتییە/بیانییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت.

٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بیات.

٤- خوێندنگا حکومییەکە، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستی خوێندکار بکات سەبارەت بەوەی کە ئاستی زانستی خوێندکارەکە بەرزە و دەتوانێت شان بە شانی خوێندکارانی هاوپۆلی لە خوێندنگا حکومییەکە بەردەوام بێت.

پ- خوێندکاری پۆلی یەکەم تا پێنجەمی پەیمانگە دەتوانێت لە پەیمانگەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بۆ پەیمانگەیەکی ناحکومی خۆماڵی بگوازێتەوە، بە مەرجێك:

١- خوێندکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی بەدەستهێنانی وەرگیرانی سەرەتایی (مەبدەئی) لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی بووە بۆ دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکەی خوازیارە بۆی بچێت، بیات.

٢- گواستنەوەکە پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن بێت. جگە لەوە خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریی کردوون، دەتوانێت بگوازێتەوە هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت.
٣- پێش گواستنەوە، دەبێت خوێندکار نوسراوی ئەستۆپاکی لە دامەزراوە ناحکومییەکەی لێی دەڕوات بۆ دامەزراوە ناحکومییەکەی بۆی دەچێت، بهات.

**سی و پێنج** : بەندی (دووەم)ی ماددەی (٥٩) هەڵدەوەشێتەوە.

**سی و شەش**: بەندی (دووەم)ی ماددەی (٦٠) شەست گوازراوەتەوە بۆ ماددەی (٢٦) بیست و شەش.

**سی و حەوت:**

أ- بەندی (دووەم)ی ماددەی (٦٢) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دووەم:**

١- دەبێت گشت قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی نوێ کە دادەمەزرێت، لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا ئامادەبێت بەلایەنی کەم پۆلەکانی یەك تا سێ بکاتەوە.
٢- دەبێت گشت قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی، پاش (٦) شەش ساڵ لە دامەزراندنی گشت پۆلەکانی یەکەم تا شەشەمی هەبێت.

ب- بەندی (هەشتەم) و (نۆیەم) بۆ ماددەی (٦٢) زیاد دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**هەشتەم**: دەبێت کۆمەڵگای پەروەردەیی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی منداڵانی باخچەی منداڵان، و بە لایەنی کەم قوتابیانی پۆلی یەکەم تا سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی و خوێندکارانی پۆلی دەیەم و یازدەیەم لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە ساڵەکانی دواتر قوتابی و خوێندکارانی پۆلەکانی بەرزتر وەربگرێت.

**نۆیەم**: ئەرکی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکانە لەکاتی جێبەجێکردنی چالاکیی جیاواز ڕەچاوی منداڵان و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.

**سی و هەشت:** ماددەی (٦٣) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانەیەك وخوێندنگەیەك و کۆمەڵگەیەك و پەیمانگەیەکی ناحکومی خۆماڵی و نێودەوڵەتی و بیانی کە مۆڵەتی لە وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە، مافی کردنەوەی خولی بەهێزکردن و چالاکی، لە پشووی هاوین و پشووەکانی دیکە و پاش دەوامی دامەزراوەکە بۆ گشت منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران هەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەم بەندانەی خوارەوە:

**یەکەم**: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە پێنج ساڵییەکان، مافیان نییە خولێك بۆ قۆناغێك یان بازنەیەکی خوێندن کە لە دامەزراوەکە نییە، بکەنەوە.واتە، بۆ نمونە، باخچەی منداڵان بۆی هەیە خولی بەهێزکردن بۆ منداڵانی چوار و پێنج ساڵان بکاتە، بەڵام بۆی نییە خول بۆ قوتابیانی هیچ قۆناغێکی سەروتر بکاتەوە.

**دووەم**: ناوندەکانی فێرکاری (پەیمانگەی پیشەیی) بەدەرن لە مەرجی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، و دەتوانن خول بۆ منداڵ و قوتابیانی گشت قۆناغەکان بکەنەوە بەڵام تەنها لە بوارەکانی خۆیاندا. بۆ نمونە، ناوندێکی فێرکاری (پەیمانگەی پیشەیی) کە مۆڵەتی کردنەوەی زمانی انگلیزی هەیە، بۆی نییە خولی بابەتی بیرکاری بکاتەوە. جگە لەوە، ئەو پەیمانگە پیشەییانە مافییان هەیە خول لە هەر کاتێکی ساڵ بکەنەوە، نەك تەنها لە پشوی هاوینان و پشووەکانی تر.

**سێیەم**: کرێی خول و چالاکی، بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تاکو یازدەیەمی ئامادەیی، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت.

| ژمارەی بەشەوانەکانی خولەکە/چالاکییەکە.<br>ماوەی بەشەوانەیەك: ٤٠ خولەك یان زیاتر<br>ماوەی خول: یەك هەفتە تا سێ مانگ. | | زۆرترین نرخی بەشداربوون |
|---|---|---|
| ١ تا ٤ بەشەوانە | | بە خۆڕایی |
| ٥ تا ٩ بەشەوانە | | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | | (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٩٠ تا ١١٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٢٠ تا ١٤٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار |

**چوارەم**: کرێی خول و چالاکی بۆ پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژمارەی بەشەوانەکانی خولەکە/چالاکییەکە.<br>ماوەی بەشەوانەیەك: ٤٠ خولەك یان زیاتر<br>ماوەی خول: یەك حەفتە تا سێ مانگ. | | زۆرترین نرخی بەشداربوون |
|---|---|---|
| ١ تا ٤ بەشەوانە | لە بابەتێکی خوێندن یان زیاتر | بە خۆڕایی |
| ٥ تا ٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | یەك بابەتی خوێندن | (٢٥٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار |
| | | |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (١٢٠،٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | دوو بابەتی خوێندن | (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| | | |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | سێ بابەتی خوێندن | (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار |
| | | |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (١٧٠،٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٧٠،٠٠٠) دوو سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٣٧٠،٠٠٠) سێ سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٩٠ یا ١١٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٤٥٠،٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٢٠ بەشەوانە یان زیاتر | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار |

**پێنجەم**: هەر خولێك یان چالاكییەك كە باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، كۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگە پێنج ساڵییەكان دەیانەوەی بەرانبەر بە بڕە كرێیەك بیكەنەوە، و لە بەندەكانی سەرەوە ئاماژەی پێ نەكراوە، دەبێت پێش دەستپێكردنی خولەكە، مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت بۆ وەربگیرێت. ئەگەر خولەكە یان چالاكییەكە بە خۆڕایی بوو، پێویست بە مۆڵەت ناكات.

**شەشەم**: یەكەی سەرپەرشتیاری پەروەردە لە قەزاكان سەرپەرشتی سەبارەت بە پابەندبوونی دامەزراوەكان بە حوكمەكانی ئەم ماددەیە لە سنووری قەزاكانی خۆیان دەكات.

**حەوتەم**: لە ئەگەری سكاڵا و گومانی سەرپێچی، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بەهاوكاری یەكەی سەرپەرشتیاری لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی كاردا بەداداچوون بۆ پرسەكە بكات و ڕاپۆرتی خۆی بۆ وەزارەت بەرز بكاتەوە.

**هەشتەم**: ئەو دامەزراوەیەی سەرپێچی بەندەكانی ئەم ماددەیە دەكات، بە (٣٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار تا ( ٥٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار سزا دەدرێت. جگە لەوە وەزارەت دەتوانێت هۆشدارییان بداتێ و مۆڵەتیان هەڵوەشێنێتەوە و ڕێكاری تر بگرێتە بەر.

**نۆیەم**: گشت ئەو خول و چالاكییانەی پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دەست پێ دەكەن، كرێی خوێندنیان بەپێی خشتەیی بەندی (سێیەم و چوارەم) دەبێت، و هەروەها گشت مەرج و ڕێكارەكانی بەندی (یەكەم) تا بەندی (هەشتەم)یان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، و كار بە هیچ ڕێنماییەكی تر سەبارەت بە خولەكان ناكرێت.

**سی و نۆ :** لە بەندی (سێیەم)ی ماددەی (٦٤) دەستەواژەی (بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی قەزا) دەگۆردرێت بۆ (بەڕێوبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا).

**چل**: لە ماددەی (٦٧) دەستەواژەی (بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا) دەگۆڕدرێت بۆ (بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا).

**چل و یەك:** ماددەی (٦٩) هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەكەم**: هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییەكان، مافی وەرگرتنی كرێی ساڵانەی خوێندنیان هەیە.

**دووەم**: ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییانەی پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە مۆڵەت وەردەگرن، كرێی ساڵانەی خوێندن پارەی كتێب و جلی یەكپۆشی لە خۆ دەگرێت.

**سێیەم**: بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دەستبەكاربوون و بەپێی مۆڵەتەكەیان كرێی ساڵانەی خوێندن بەدەرە لە پارەی ساڵانی كتێبەكان و پارەی جلی یەكپۆشی، دەبێت بڕی پارەی ساڵانەی كتێبەكان و جلی یەكپۆشی لە وەزارەت ڕەزامەندی بۆ وەربگیرێت. بەڵام لەكاتی نوێكردنەوەی مۆڵەت ئەو دامەزراوانە مافیان هەیە پارەی ساڵانی كتێبەكان و پارەی جلی یەكپۆشی بخەنە سەر كرێی ساڵانەی خوێندن و ڕەزامەندی لەسەر وەربگرن.

**چوارەم**: بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دامەزراون، كرێی ساڵانەی خوێندن بەپێی ئەو مۆڵەتە دەبێت كە دامەزراوەكە پێشتر وەری گرتووە، بەڵام لەكاتی نوێكردنەوەی مۆڵەت وەزارەت مافی كەمكردنەوەی كرێی ساڵانەی خوێندنی هەیە، بە گوێرەی بەندی (شەشەم)ی ئەم ماددەیە، ئەگەر بارودۆخی دارایی هەرێم ئەوە بخوازێت. لە حاڵەتی كەمكردنەوەی كرێی ساڵانە، ئەو كات كەمكردنەوەكە بۆ ئەو ساڵەی خوێندن دەبێت و ساڵی دواتر كرێی ساڵانەكە دەچێتەوە ئاستی پێشوی پێش كەمكردنەوەكە.

**پێنجەم**: نابێت قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان بە ئەرکی دارایی یان پێبەخشین لە قوتابخانە و خوێندنگا پەیمانگە ناحکومییەکاندا پابەند بکرێن، جگە لەوەی کە لە بەندەکانی ئەم ماددەیە هاتووە. ئەو خزمەتگوزاریانەی لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندنن، وەك خزمەتگوزاری هاتووچۆ و نانخواردن و فرۆشگا بە نرخێك دەبێت کە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە خۆی لەکاتی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار بەخێوکاری لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر وەزارەت بڕەکانی پێ زۆر بوو مافی هەیە کەمی بکاتە.

**شەشەم**: ئەگەر پۆلینکردنی دامەزراوە ناحکومییەکان بە پێی ماددەی (٢٣) کرابێت، ئەوا لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، وەزارەت مافی کەمکردنەوەی بڕی کرێی ساڵانەی خوێندنی هەیە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

أ- ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی بەپێی بەندی یەکەمی ماددەی (٢٣)ی ئەم ڕێنماییە لە ئاستی یەکەم و دووەمن (واتە پێویستی بە پشتیوانییە یان پێویستی بە پشتیوانی زۆرە) نابێت نرخی ساڵانەی خوێندنیان لە (١،٨٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دیناری عێراقی زیاتر بێت.

ب- ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی بەپێی بەندی یەکەمی ماددەی (٢٣)ی ئەم ڕێنماییە لە ئاستی سێیەم و چوارەمن (واتە ناوەند و باش) نابێت نرخی ساڵانەیان لە (٢،٥٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و نیو دیناری عێراقی زیاتر بێت.

پ- ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی بەپێی بەندی یەکەمی ماددەی (٢٣)ی ئەم ڕێنماییە لە ئاستی پێنجەمن (واتە زۆر باشە) نابێت نرخی ساڵانەیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت.

ت- ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی بەپێی بەندی یەکەمی ماددەی (٢٣)ی ئەم ڕێنماییە لە ئاستی شەشەم (واتە نایاب) دەکرێت نرخی ساڵانەیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت.

حەوتەم: پێویستە گرێبەستێك لە نێوان دامەزراوە و بەخێوکار پێش دەستپێکردن بە خوێندن هەبێت، کە بەلایەنی کەم ئەم لایەنانە لە خۆ بگرێت: ئەرك و مافی هەردوو لایەن، و بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن، و کات و بڕی پشکەکانی ساڵانەی خوێندن، و ڕێکارەکان لە کاتی نەدانی پشکەکان لە کاتی خۆی.

**هەشتەم**: دەکرێت وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندن لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان لە ڕێگای ژمارەیەکی بانکییەوە بێت، ئەگەر دامەزراوەکە وا بخوازێت.

**نۆیەم**: گۆڕانکاری لە نرخی ساڵانەی خوێندن، تەنها پاش ڕەزامەندی وەزیر دەبێت، و بە ڕەچاوکردنی ئاستی خوێندن (جۆرییەتی خوێندن و تێچووەکانی) و ڕێژەی هەڵئاوسان لە هەرێمدا، و دەبێت بەخێوکاران پێش بە (٤) چوار مانگ لە گۆڕانکارییەکان ئاگادار بکرێنەوە.

**چل و دوو :** بەندی (سێیەم) و (شەشەم)ی ماددەی (٧٠) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

**سێیەم**: پشکی دووەم لەگەڵ دەستپێکی وەرزی دووەمی خوێندن دەدرێت.

**شەشەم**:

أ- ئەگەر بەخێوکار یان خوێندکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی تۆمارکردنەوە، بە مەرجێك تۆمارکردن پێش دەستپێکی خوێندن کرابێت و بەخێوکار پارەی دابێت، پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند ئەرکە دامەزراوەکە (٩٠٪) نەوەد لە سەدی پارە دراوەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

ب- ئەگەر بەخێوکار یان خوێندکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی دەسپێکی خوێندنەوە پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند، ئەرکە دامەزراوەکە (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی پارە پشکی یەکەمی بۆ بگەڕێنێتەوە.

پ- ئەگەر قوتابی و خوێندکار وەرزی دووەمی لە دامەزراوەکە دەست پێ نەکرد، پارەی وەرزی دووەم نادات.

**چل و سێ :** بەندی (سێیەم)ی ماددەی (٧١) هەڵدەوەشێتەوە.
**چل و چوار :** ماددەی (٧٤) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:
دەکرێت موچەی مامۆستا و فەرمانبەران لە ڕێگای ژمارەی بانکییەوە بدرێت ئەگەر دامەزراوکە وا بخوازێت.
**چل و پێنج :** بەندی (سێیەم) بۆ ماددەی (٧٥) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
**سێیەم**: لەکاتی پابەندنەبوون بە سزا داراییەکان لەکاتی خۆی، سزاکان زیاد دەکرێن بۆ دوو هێندە، و ئەگەر دوای ئەوەش هەر پابەند نەبوون بە سزاکان مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە.
**چل و شەش:** بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە:
**یەکەم**: لەکاتی هەبوونی سکاڵایەکی فەرمی یاخود بوونی زانیاری لەسەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی سەبارەت بە پێشێلکاری یاخود سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان ، ئەوا مافی ئاسایی وەزارەتە کە ڕاستەو خۆ یاخود لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە یا بەدواداچوون بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو سکاڵایە بدات.
**چل و حەوت :** ماددەی (٨٠) هەڵدەوەشێتەوە:
**چل و هەشت :** ماددەی (٨٢) هەموار دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە:
هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، مافی دیزاینی جلوبەرگی یەکپۆشی تایبەت بە خۆیی هەیە و لە حەفتەی یەکەمی خوێندن بەسەر قوتابیان و خوێندکاران بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٦٩) دابەش دەکرێت.
**چل و نۆ :** ماددەی (٨٣) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
**یەکەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافی خۆیانە ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت، ئەویش دوای وەرگرتنی مولەت لە وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تر.
**دووەم**: ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتەوە پێدراوە، ناوەکانیان پارێزراوە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی بە ناڕەوا و بێ ئاگاداری ناوەندێکی نێودەوڵەتی ناوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکەیان لە خۆیان ناوە، وەزارەت مافی هەیە ناوەکانیان پێ بگۆڕێت بۆ ناوێکی تری ڕەوا کە دامەزراوەکە هەڵی دەبژێرێت.
سێیەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەیە ناوی خۆی بگۆڕێت لە ڕێگای پێشکەشکردنی داوایەك بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) کە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا داوایەکە پەسەند دەکات بە مەرجێك ناوە نوێیەکە لەگەڵ بەندی (چوارەم) ی ماددەی (٥) پێنج بگونجێت.
**پەنجا:** ماددەی (٨٩) هەموار دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە.
پێویستە ئەو کەس و لایەنانەی مۆڵەتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیان هەیە و پێشتر دەستبەکار بوون، پێش ڕۆژی یەکەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١، لە گشت ڕووەکانەوە جگە لە ڕووی تەلارسازییەوە کە بە ژمارەیەك ماددە و هاوپێچ لەم ڕێنماییە ڕێکخراوە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن.
**پەنجا و یەک :**
أ- هاوپێچی ژمارە (١) سەبارەت بە خشتەی سزاکان هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

## هاوپێچی ژمارە (١) خشتەی سزاکان

| | جۆری سەرپێچی | سزای دارایی | سزاکانی تر |
|---|---|---|---|
| ١ | لە کاتی نەبوونی مۆڵەتی فەرمی. | (١٥٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار. | - داخستنی ڕاستەوخۆی دامەزراوە.<br>- تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی. |
| ٢ | لە کاتی گۆڕینی مۆڵکداریەتی دامەزراوە بەبێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار. | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٣ | لە کاتی گواستنەوەی تەلاری دامەزراوە بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار. | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٤ | کاتێك دەردەکەوێت کە یەکێك لە بەڵگە و نووسراوەکان کە لەکاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەشکراون، ساختە دەرچوون یان بنەمایان نییە. | (١٠٠) سەد ملیۆن دینار. | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.<br>- تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی. |
| ٥ | ئەگەر دەرکەوت کە مۆڵەتی دامەزراوە، بێ بوونی مەرجی پێویست و بەڵگە و پێداویستی پێویست دراوە. | ----------- | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٦ | کاتێك ئاستی نزمی ئەکادیمی دامەزروەکە (٣) سێ ساڵ لەسەر یەك لە خوار ئاستی سێیەم (ناوەند) بێت. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٧ | کاتێك دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی ئاکادیمی لەلایەن ناوەندێکی سەرەکی جیهانی لەدەست داوە. | ------------- | - هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٨ | کاتێك دەردەکەوێت کە مۆڵەتی دامەزراوەیەکی ناحکومی بەسەرچووە بێ ئەوەی دامەزراوەکە داواکاری بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کردبێت. | (٦٠) شەست ملیۆن دینار. | - هۆشداریدان کە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ داوای نوێکردنەوە پێشکەش بکات.<br>- لە ئەگەر داوانەکردنی داوای نوێکردنەوە دوای یەك حەفتە دامەزراوەکە دادەخرێت. |
| ٩ | کاتێك دامەزراوەیەکی ناحکومی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتی درەنگتر کردووە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکان هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | |
| ١٠ | لە کاتی نەهێنانی بەڵگەی ئەستۆپاکی باجی دەرامەت لە ماوەی (٢٠) بیست ڕۆژدا لەو ڕۆژەی وەزارەت بە فەرمی داوای کردووە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- دەبێت باجەکان لە ماوەی (٣) سێ مانگ بدرێن، ئەگەر نەدران پرۆسەی هەڵدەوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێدەکات. |
| ١١ | لە کاتی نەهێنانی ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ وەزارەت پێش ڕۆژی یەکەمی مانگی حەوتی هەر ساڵێك. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | هۆشداری فەرمی. |
| ١٢ | کاتێك دامەزراوەیەکی ناحکومی پێشێلکاری و سەرپێچی دیار و دوبارە کردەوە و، دوای ئاگادارکردنەوەی چەند جارەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە، پێشێلکاریی و کەموکورییەکانی چاك نەکردووە. | (٣٠) سی ملیۆن دینار. | - پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێدەکات. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | لە کاتی وەرگرتنی قوتابی/خوێندکاری زیاتر وەك لەوەی لەکاتی پێشکەشکردنی مۆڵەت داواکراوە، بێ ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەت وەرگیرابێت. | بەپێی بڕێك کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ١٤ | لە کاتی بەشداریکردنی قوتابییەك/خوێندکارێك، کە لە دامەزراوەیەکی تر بووە، لە خوێندن بێ هێنانی پێشوەختەی بەڵگەنامەی گواستنەوە لە دامەزراوەکەی تر. | (٣٠) سی ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی. |
| ١٥ | کاتێك ڕێژەی مامۆستایانی هەمیشەیی لە دامەزراوە ناحکومییەکە لەژێر (٥٠٪) پەنجا لە سەدە. | (٧٠) حەفتا ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت دەست پێدەکات.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ١٦ | کاتێك ڕێژەی مامۆستایانی هەمیشەیی لە دامەزراوە ناحکومییەکە (٥٠ ٪ تا ٧٠ ٪) پەنجا تا حەفتا لە سەدە. | (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ١٧ | کاتێك ڕێژەی مامۆستایانی هەمیشەیی لە دامەزراوە ناحکومییەکە لە نێوان ( ٧١ ٪ و ٧٩ ٪). | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ١٨ | کاتێك دامەزراەیەکی ناحکومی مامۆستا و کارمەندی تری هەمیشەیی بەر بەپێی ڕێنمایی دانامەزرێنێت. واتە کاتێك دامەزراوە سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٢٨) دەکات. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ١٩ | کاتێك دامەزراوەیەکی ناحکومی کارمەندێکی دامەزراوەیەکی حکومی بەکاردەهێنێت لە کاتی دەوامی ڕۆژانەی ئەو دامەزراوە حکومییەی مامۆستاکە کاری لێ دەکات. واتە کاتێك دامەزراوەکە سەرپێچی حوکمەکانی بەندی سێیەمی ماددەی (٢٩) دەکات. ئەمە ئەو مامۆستایانە ناگرێتەوە کە مۆڵەتی بێ موچەیان وەرگرتووە، یان (إعارە) کراون. | (٣٠) سی ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٠ | کاتێك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی ڕێکلام بە پێچەوانەی حوکمەکانی بەندی (شەشەم)ی ماددەی (٢٩) دەکات. | (٦٠) شەست ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢١ | کاتێك دابەشکردنی بەشەوانەکان بە پێی ماددەی (٢٩) نییە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٢ | کاتێك موچەی مامۆستا و کارمەندانی تر لەوە کەمترە وەك لەوەی لەم ڕێنماییانە هاتووە. | (٤٠) ملیۆن دینار | - هۆشداری فەرمی.<br>- چاکردنەوەی موچەکان. |
| ٢٣ | وەرگرتنی پارەی زیادە لە قوتابی و خوێندکار، وەك لەوەی لە ماددەی کرێی ساڵانەی خوێندن هاتووە. واتە کاتێك سەرپێجی حوکمەکانی بەندی (شەشەم)ی ماددەی (٦٩) دەکرێت. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | کاتێك ژمارەی منداڵ/قوتابی/خوێندکار لە پۆلدا لەوە زیاترە وەك لەوەی لەم ڕێنماییە هاتووە. واتە کاتێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٧٩) دەکرێت. | (١٠) دە ملیۆن دینار کاتێك ژمارەی منداڵان لە پۆلەکانی باخچە لە (٢٥) منداڵ زیاترە.<br>(١٥) پازدە ملیۆن دینار ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکان لە (٣٠) قوتابی زیاترە. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٥ | کاتێك ڕووبەرەکانی ناو تەلارەکە و پێداویستییەکانی تەلاری دامەزراوەکە هاوتا نییە لەگەڵ ئەوەی بە وەزارەت ڕاگەێنراوە. | (٣٠) سی ملیۆن دینار. | - هۆشداری فەرمی.<br>- گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٦ | کاتێك ڕووبەری ژووری باخچەی منداڵان بۆ هەر منداڵێك لەوە کەمترە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکان هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٧ | کاتێك ڕووبەری پۆل بۆ هەر قوتابییەك و خوێندکارێك لەوە کەمترە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکان هاتووە. | (٢٠) بیست ملیۆن دینار. | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٨ | کاتێك دامەزراوە کارە کارگێڕییەکانی (وەك تۆمارەکان و لیژنەکان و هتد) بەپێی ڕێنماییەکان نییە. | (١٠) دە ملیۆن دینار. | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٢٩ | کاتێك سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کۆنترۆڵی ساڵانەی بۆ نەکراوە. | (١٠) دە ملیۆن دینار. | هۆشداری فەرمی.<br>گرتنەبەری چاکسازیی. |
| ٣٠ | کاتێك دامەزراوەکە دەستبەکار نابێت ( واتە خوێندنی تێدا ناکرێت) لەو کاتەی لە مۆڵەتەکەدا بۆی تەرخانکراوە. | ----------- | هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٣١ | کاتێك سەرپێچی بەرانبەر بە ماددەی (٦٣) سەبارەت بە پرسی خولەکان | (٣٠) سی تا (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار | هۆشداری.<br>هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. |
| ٣٢ | ئەو سەرپێچییانەی لەم خشتەیەدا ناویان نەهاتووە، بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزارەت سزایان بۆ دادەنرێت بەڵام دەبێت سزاکان لەگەڵ ڕێنماییەکان هاوتەریب بن. | | بژاردەکان:<br>- هۆشداری<br>- سزای دارایی<br>- سزای فەرمی<br>- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت |

ب-

١- خاڵەکانی (٣) و (٦) و (٧)ی بەندی پێنجەمی هاوپێچی ژمارە (٢) تەلارسازی هەموار دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢- بەندی (شەشەم) بۆ هاوپێچی ژمارە (٢)ی تەلارسازی زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

هاوپێچی ژمارە (٢)

هاوپێچی تەلارسازی

مـــەرج و پێکهـاتەکـانی تەلاری بـاخچەی منداڵان

**پێنجەم:**

٣- دەبێت باخچەی منداڵان دوو پۆلی هەبێت یان زیاتر.

٦- أ- شوێنی چێشتلێنان دەبێت بە جیا بێت و ڕوبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (١٠) دە مەتر دوجا کەمتر نەبێت.

ب- شوێنی نانخواردنی منداڵانی بە جیا بێت و نابێت لە (٢٠) بیست مەتر دوجا کەمتر بێت.

٧- بۆ هەر (٢٥) بیست و پێنج منداڵێك یان پۆلێك توالێتێك هەبێت و دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان هەبێت.

**شەشەم:**

١- هاوپێچی ژمارە (٢) تەنیا ئەو تەلارانە دەگرێتەوە کە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بە کرێ دەگیرێن یان دەگۆڕدرێن، نەك ئەوانەی ئێستا کاری پەروەردەییان تیایدا دەکرێت.

٢- لەکاتی بەکرێگرتنی تەلار (سەبارەت بە دروستکردنی تەلاری نوێ سەیری هاوپێچی ژمارە (٣) بکە) بۆ باخچەی منداڵان پێویستە مەرج و پێکهاتەی باخچەی منداڵان لەگەڵ مەرجەکانی بەشی تەلاری ئەم ڕێنماییە بگونجێت.

پ-

١- خاڵەکانی (٤) و (٦) و (١٠) و (١١)ی بەندی حەوتەمی هاوپێچی ژمارە (٣) تەلارسازی هەموار دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە.

٢- بەندی (هەشتەم) بۆ هاوپێچی ژمارە (٣)ی تەلارسازی زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

هاوپێچی ژمارە (٣)

هاوپێچی تەلارسازی

| | پێکهاتەکان | کەمترین ڕوبەری پێویست |
|---|---|---|
| ٤ | پۆل (ژووری منداڵان):<br>- دەبێت هەر منداڵێك یەك مەتر و نیوی بەرکەوێت.<br>- دەبێت پۆلەکان پەنجەرەیان هەبێت، بەلایەنی کەم (٣) سێ مەتر دووجا.<br>- بەرزی ناو پۆل لە ٢٨٠ سم کەمتر نەبێت.<br>- بوونی سەقفی (ثانوي) مەرج نییە.<br>- دەبێت باخچەی منداڵان دوو پۆلی هەبێت یان زیاتر. | (٢٠) م٢ |
| ٦ | أ- شوێنی چێشتلێنان دەبێت بە جیا بێت و ڕوبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (٢٠) بیست مەتر دوجا کەمتر نەبێت.<br>ب- شوێنی نانخواردنی منداڵانی بە جیا بێت و نابێت لە (٢٠) بیست مەتر دوجا کەمتر بێت. | (٢٠) م٢<br>(٢٠) م٢ |
| ١٠ | - دەبێت یەك توالێت بۆ هەر (٢٥) بیست وپێنج منداڵێك یان بۆ هەر پۆلێك هەبێت.<br>- دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان (نەك هەر توالێتێك) هەبێت.<br>- دەکرێت توالێتەکان و هۆڵی توالێتەکان پەنجەرەیان هەبێت یان نەبێت. | ١ م٢/ بۆ هەر توالێتێك |
| ١١ | - دەبێت یەك توالێت بۆ هەر (١٠) دە مامۆستایەك/ فەرمانبەرێك هەبێت.<br>- دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان (نەك هەر توالێتێك) هەبێت.<br>- دەکرێت توالێتەکان و هۆڵی توالێتەکان پەنجەرەیان هەبێت یان نەبێت. | |

**هەشتەم:**

أ- ئەم ڕێنماییانە تەنیا ئەو تەلارانە دەگرێتەوە کە لە داهاتوودا دروست دەکرێن بەڵام پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە مۆڵەتی دروستکردنیان بۆ وەرنەگیراوە.

ب- لەکاتی دروستکردنی تەلاری نوێ بۆ باخچەی منداڵان پێویستە مەرج و پێکهاتەی باخچەی منداڵان لەگەڵ مەرجەکانی بەشی تەلاری ئەم ڕێنماییە بگونجێت.

ت-

١- بەندی (پێنجەم)ی هاوپێچی ژمارە (٤) هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

٢- خاڵی (٢) و (٤) و (٥) و (٦) و (٧) و (٨) و (١٢)ی خشتەی بەندی (حەوتەم)ی هاوپێچی ژمارە (٤) هەموار دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- خاڵی (٧) و (٨) لە خشتەی پێکهاتە کارگێڕییەکان هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

٤- بەندی (هەشتەم) بۆ هاوپێچی ژمارە (٤) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە.

هاوپێچی ژمارە ٤

هاوپێچی تەلارسازی

مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگا و کۆمەڵگەی پەروەردویی و پەیمانگە لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە.

پێنجەم:

٥- پێویستە ڕووبەری زەوی ئامادەیی پیشەیی لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دوجا کەمتر نەبێت، و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دوجا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەندێك بەشی پیشەیی پێویستیان بە ڕووبەری زورتر هەیە، کە ئەویش لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، دیاری دەکرێت. لە کاتی کردنەوەی بەشی نوێ، لیژنەی ناوبراو بڕیار لەسەر ڕوبەرەکان دەدات.

حەوتەم: پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی تەلارەکە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| | پێکهاتەکان | کەمترین ڕوبەری پێویست |
|---|---|---|
| ٢ | أ- ڕووبەری هۆڵی فێرکردنی پیشەیی لە (٥٠) پەنجا مەتر دوجا کەمتر نەبێت.<br>ب- دەبێت هەر بەشێکی پیشەیی هۆڵی خۆی هەبێت.<br>پ- تاقیگە بۆ ئامادەیی پیشەیی، دەبێت یەك تاقیگەی (٥٠ م٢) بۆ هەر سێ پۆلێکی هەمان بەش هەبێت. | (٥٠)م٢ |
| ٤ | تاقیگەی زانست:<br>أ- بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی.<br>ب- بۆ خوێندنگا، بەشی زانستی. | (٣٥) م٢ |
| ٥ | تاقیگەی کۆمپیوتەر:<br>أ- بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی.<br>ب- بۆ خوێندنگا. | (٣٥) م٢ |
| ٦ | تاقیگەی کیمیا بۆ خوێندنگا، بەشی زانستی. | (٣٥) م٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | تاقیگەی فیزیا بۆ خوێندنگا، بەشی زانستی. | (٣٥) م٢ |
| ٨ | تاقیگەی زیندەزانی بۆ خوێندنگا، بەشی زانستی. | (٣٥) م٢ |
| ٩ | تاقیگە بۆ ئامادەیی پیشەیی، دەبێت یەك تاقیگەی (٥٠ م٢) بۆ هەر سێ پۆلێکی هەمان بەش هەبێت. | (٥٠) م٢ |
| ١٢ | أ- دەبێت شوێنی چێشتلێنان بە جیا بێت و ڕووبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (٢٠) بیست مەتر دوجا کەمتر نەبێت.<br>ب- دەبێت کافیتێریا/شوێنی نانخواردنی قوتابیان/خوێندکاران بە جیا بێت و نابێت لە (٤٠) چل مەتر دوجا کەمتر بێت. | (٢٠) م٢<br>(٤٠) م٢ |
| | | |
| پێکهاتـــە کارگێڕیەکان | | |
| | پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
| ٧ | ژووری سەرۆك بەش بۆ ئامادەیی پیشەیی. | (١٢) م٢ |
| ٨ | ژووری کارگێڕی/ ژمێریاری | (٩) م٢ |

**هەشتەم:**

أ- مەرجەکانی ئەم هاوپێچە تەنها ئەو تەلارانە دەگرێتەوە کە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە بە کرێ دەگیرێن یان دەست بە دروستکردنیان دەکرێت.

ب- ئەو دامەزراوانەی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە لە تەلاری کرێدان دەبێت لە ماوەی (٣) سێ ساڵدا لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕینمایی و هاوپێچەدا خۆیان بگونجێنن.

پ- ئەو دامەزراوانەی کە لە تەلاری موڵکی خۆیانن و تەلارەکانیان پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دروست کردووە یان دەست بە دروستکردنیان کراوە، بەپێی مەرجەکانی ڕێنماییەکانی کاتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پێویستیان بە خۆگونجاندن نییە.

ج- دوو بڕگە بۆ هاوپێچی ژمارە (٥) پێنج زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| ئامادەیی پیشەیی گشتگیر | کە دەکرێت چەند بەشێکی جیاوازی ئامادەیی پیشەیی تێدا بێت. | |

ئامادەیی پیشەیی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ناوێك کە لەگەڵ پیشەکە یان ئامادەییەکە بگونجێت، بۆ نموونە: ئامادەیی پیشەیی ئۆتۆمبێل، ئامادەیی پیشەیی دارتاشی، ئامادەیی پیشەیی کاوە، ئامادەیی پیشەیی ئازاد، و هتد.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم**: دەبێت سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان لە دوای بڵاوکردنەوەی هەمواری ئەم ڕێنماییانە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ڕێنماییە هەموارکراوەکە بگونجێنن.

**دووەم**: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئالان حمە سعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء إقليم كوردستان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (١٣) بتأريخ ٢٠٢١/٥/١٨، على القانون الآتي:

**قانون رقم (٦) لسنة ٢٠٢١**

**قانون وزارة الكهرباء في إقليم كوردستان - العراق**

**المادة (١): التعاريف**

يقصد بالتعابير الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: الوزارة:** وزارة الكهرباء في الإقليم.

**ثالثاً: الوزير:** وزير الكهرباء في الإقليم.

**رابعاً: المجلس:** مجلس الوزارة.

**خامساً: التوليد:** توليد الطاقة الكهربائية.

**سادساً: النقل:** نقل الطاقة الكهربائية بخطوط (٣٣) كيلو فولت فما فوق.

**سابعاً: التوزيع:** توزيع الطاقة الكهربائية عن طريق الشبكات المركزية لخطوط (٠,٤/٣٣)، (٠,٤/١١) و(٠,٤) كيلو فولت فما دون.

**ثامناً: الطاقة:** الطاقة الكهربائية.

**تاسعاً: السيطرة:** السيطرة على شبكات كهرباء الإقليم.

**عاشراً: المشتركون:** كل مشترك مربوط بشبكات الكهرباء لغرض تسلم الطاقة الكهربائية عن طريق عداد الكهرباء.

**حادي عشر: الشبكات:** تشمل مكونات الكهرباء في قطاعي النقل والتوزيع.

**ثاني عشر: محطات التوليد:** جميع محطات توليد الكهرباء في القطاعين الخاص والعام.

**المادة (٢): الأهداف**

يهدف هذا القانون إلى ما يأتي:

**أولاً:** تطوير الطاقة الكهربائية وفقاً لاحتياجات المجتمع والاقتصاد الوطني.

**ثانياً:** تشجيع الاستثمار الداخلي والأجنبي في مجال قطاع الكهرباء.

**ثالثاً:** دعم وتشجيع تعدد مصادر الطاقة الكهربائية.

**رابعاً**: تنظيم جميع النشاطات المتعلقة بالكهرباء في مجال التوليد والسيطرة والنقل والتوزيع والاستخدام، على الوجه الذي يضمن فعالية واستمرارية توليد الطاقة الكهربائية وتأمين الطلب عليها، مع ضمان حماية البيئة وإيصال الطاقة الكهربائية إلى أماكن ومناطق إقليم كوردستان كافة.

**خامساً**: منع إهدار الكهرباء والاحتكار والتحكم في الأسعار.

**سادساً**: تغريم التجاوز على شبكات الكهرباء.

**المادة (٣): تشكيلات الوزارة**

**أولاً**: تتألف الوزارة من:

١- **الوزير:** هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن تنفيذ مهامها وتوجيه سياستها والإشراف والرقابة على أعمالها عن طريق القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها واختصاصاتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية، وللوزير تخويل بعض اختصاصاته إلى وكيل الوزارة والمدراء العامين في إطار قانون الوزارة.

٢- **مكتب الوزير:** يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل، ويعاونه عدد من الموظفين.

٣- **وكيل الوزارة:** يساعد الوزير في الإشراف على شؤون الوزارة في إطار الاختصاصات التي يخوله بها الوزير، على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في الأقل ومن ذوي الخبرة.

٤- عدد من المستشارين لا يزيد عددهم على (٤) أربعة، على أن يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية في الأقل ومن ذوي الخبرة.

٥- **المديرية العامة للديوان:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في القانون أو الإدارة ومن ذوي الخبرة.

٦- **المديرية العامة لتوليد الطاقة الكهربائية:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة ومن ذوي الخبرة.

٧- **المديرية العامة لنقل الطاقة الكهربائية:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة ومن ذوي الخبرة.

٨- **المديرية العامة لتوزيع الطاقة الكهربائية:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة ومن ذوي الخبرة.

٩- **المديرية العامة للتخطيط:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة ومن ذوي الخبرة.

١٠- **المديرية العامة لشؤون الطاقة:** يديرها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة أو الإدارة أو الاقتصاد أو التجارة ومن ذوي الخبرة.

**ثانياً:**

١- تشكل في كل محافظة وإدارة مستقلة في الإقليم مديرية عامة للكهرباء، ويتمتع كل منها بشخصية معنوية.

٢- تدار كل مديرية عامة واردة في البند (١) من هذه الفقرة، من قبل مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في الهندسة ومن ذوي الخبرة، ويعاونه موظف بدرجة معاون مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل في مجال الإدارة أو القانون أو الهندسة ومن ذوي الخبرة.

**المادة (٤): مهام الوزارة**

تتولى الوزارة المهام الآتية:

**أولاً**: توليد ونقل وتوزيع الكهرباء وتأسيس وتشغيل وصيانة محطات (التوليد والتحويل) وشبكات الكهرباء.

**ثانياً**: تشغيل شبكات الكهرباء بصورة علمية وفقاً للمعايير الدولية عن طريق تأسيس نظام الإيصال لضمان الحفاظ على مكونات شبكات الكهرباء وتقليص النفقات.

**ثالثاً**: تحقيق المصلحة العامة والسيطرة على استهلاك الكهرباء وضمان وتأمين الكهرباء وتقليص إهدار حقوق الوزارة عن طريق تأسيس مشاريع الشبكات الذكية.

**رابعاً**: تحديد أسعار الكهرباء من قبل الوزير بموافقة المجلس ورفعها إلى مجلس وزراء الإقليم للموافقة عليها، شريطة مراعاة الظروف والتغييرات الحاصلة على تكاليف الكهرباء والأوضاع المعيشية للمواطنين واقتصاد الإقليم.

**خامساً**: رفع مستوى توليد الطاقة الكهربائية النظيفة لمقتضيات المصلحة العامة والترخيص لشركات توليد الكهرباء من المصادر المتجددة مع مراعاة القوانين والأنظمة والتعليمات النافذة.

**سادساً**: اتخاذ الإجراءات اللازمة لحماية البيئة وضمان السلامة والصحة العامة.

**سابعاً**: تنظيم الملاك اللازم وتطوير قدرات الموظفين عن طريق مركز التدريب المهني بالتعاون مع المؤسسات التعليمية الأكاديمية والمراكز المتخصصة أو المنظمات الداخلية أو الدولية.

**ثامناً**: منح التراخيص والتعاقد مع الشركات المتخصصة في القطاع الخاص لتشغيل وصيانة محطات (توليد وتحويل الكهرباء) وشبكات النقل واستيراد وتصدير الطاقة.

**تاسعاً**: التنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة بنشاطات الوزارة والعمل على إرشاد استهلاك الطاقة الكهربائية عن طريق وضع السياسات والتعليمات وتشجيع المستهلكين لهذا الغرض.

**عاشراً**: تقديم المقترحات إلى مجلس وزراء الإقليم لغرض تطوير قطاع الكهرباء في الإقليم.

**حادي عشر**: تمثيل الإقليم في المنظمات والمؤتمرات الدولية والإقليمية الخاصة بقطاع الطاقة الكهربائية.

**ثاني عشر**: التنسيق والتكامل مع وزارات الإقليم والوزارات الاتحادية.

**ثالث عشر**: شراء وبيع الطاقة الكهربائية وإجراء المقاصة لها حسب الاحتياجات والمصلحة العامة.

**المادة (٥):**

**أولاً:** للوزارة مد الأسلاك والكابلات فوق أو تحت الطرق العامة أو الشوارع الداخلية أو الخارجية للمدن، ولها تركيب الأعمدة وحفر الأنفاق والقيام بالأعمال الأخرى اللازمة لتنفيذ مهام ومشاريع الوزارة، مع مراعاة التصاميم الأساسية وحماية البيئة والصحة العامة وأحكام القوانين النافذة.

**ثانياً:** للوزارة تملك الأراضي حسب احتياجات مشاريعها، وتسجيلها باسم وزارة الكهرباء بموجب القوانين النافذة.

**ثالثاً:** تلتزم الوزارة بتعويض كل من يتضرر نتيجة نشاطاتها وتنفيذ مهامها بموجب القوانين النافذة.

**رابعاً:** تخضع قرارات الوزير للطعن بموجب قانون مجلس شورى الإقليم النافذ.

**المادة (٦):**

**أولاً:** يتم تصنيف مشتركي الكهرباء على الوجه الآتي:

١- وحدات سكنية (بيوت).

٢- تجاري.

٣- صناعي.

٤- زراعي.

٥- قطاع عام.

**ثانياً:** للوزارة إضافة أنواع أخرى من الاشتراك.

**ثالثاً:** تحدد تعيين أنواع التصنيفات وأسس تمييزها بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (٧):**

**أولاً:** تنظم تغريم التجاوز وتحديد مقادير الغرامات وإجراءاتها بتعليمات يصدرها الوزير بناءً على اقتراح المجلس وبموافقة مجلس وزراء الإقليم.

**ثانياً:** للوزير بموافقة مجلس وزراء الإقليم تخصيص نسبة من مبالغ الغرامات المتحصلة من التجاوز على نظام الكهرباء وشبكاته للأشخاص المكلفين بالكشف عن التجاوزات وإزالتها، وينظم ذلك بتعليمات يصدرها الوزير بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد.

**ثالثاً:** تتم مصادرة المواد المستخدمة في التجاوز على نظام الكهرباء وشبكاته.

**رابعاً:** لا تمنع الغرامات التي تستحصل بموجب التعليمات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة من أي عقوبة أشد واردة في القوانين النافذة.

**خامساً:** على الوزير طلب تعويض الأضرار الناجمة عن التجاوز بموجب أحكام القوانين النافذة في الإقليم.

**المادة (٨):**

**أولاً:** يشكل مجلس في الوزارة برئاسة الوزير وعضوية كل من:

١- وكيل الوزارة: يكون نائباً لرئيس المجلس.

٢- المستشارين.

٣- المدراء العامين للوزارة.

٤- ممثل عن أي جهة ذات علاقة أو خبير مختص يختاره الوزير من داخل أو خارج الوزارة، ويشارك في اجتماعات المجلس دون أن يكون له حق التصويت.

**ثانياً:** يتناقش مجلس الوزارة حول الشؤون الآتية وتصدر القرارات والتعليمات والتوصيات اللازمة:

١- تنظيم سياسة التوليد والسيطرة والنقل وتوزيع الطاقة الكهربائية ووضع الخطط الاستراتيجية.

٢- تنظيم الاستثمار في مجال الكهرباء.

٣- تنظيم هيكلية ومهام ووظائف تشكيلات الوزارة.

**المادة (٩):**

للوزير حسب احتياجات الوزارة التعاقد بصورة مؤقتة ولمهام ومدة معينة مع الخبراء أصحاب التجربة والاختصاص في المجال الخاص بالطاقة الكهربائية بموجب الضوابط المعمول بها في الإقليم.

**المادة (١٠):**

لا يجوز للشركات المرخص لها أو المتعاقد معها في مجال توليد الكهرباء التنازل عن أعمالها إلا بموافقة الوزارة، وينظم ذلك بنظام يصدره مجلس وزراء الإقليم.

**المادة (١١):**

يلغى قانون وزارة الكهرباء لإقليم كوردستان ـ العراق رقم (٥) لسنة ٢٠٠٦، ويعمل بجميع التعليمات الصادرة بموجبه إذا لم تتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):** على الوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٤):** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٥):** ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

نظراً لأهمية الطاقة الكهربائية على الحياة والصحة العامة للمواطنين، وتأثيرها على البنى التحتية، ولإعادة تنظيم أعمال الوزارة بسبب أهمية النشاطات التي تقوم بها القطاع العام والخاص، ولتحقيق أهداف الوزارة وأداء مهامها، شرع هذا القانون.

يعد القانون صادراً بانقضاء المدة القانونية لإصداره بموجب حكم البند (٢) من الفقرة (أولاً) من المادة (١٠) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل والفقرة (عاشراً) من المادة (١٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق.